کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۴۶

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۴۶ – ره شه مه – فوریه ۲۰۲۴



## ڕەمزی ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## پێویستە لیبراوانە شکست بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم بێنین



## دژە شۆڕشی ئیسلامی چۆن بە دەسەڵات گەیشت بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧

## پێویستیی سیاسی و چینایەتی پێکهێنانی سندووقەکانی هاوپشتی کرێکاری



## ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە کام ڕێگەوە؟

### سەروتار

## خەبات وتێکۆشانی ڕەوتی چپ وسوسیالیست لە کوردستان لە ژێر ئالای کۆمەڵە درێژەی هەیە

رۆژی شەممە رێکەوتی بیستی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٢بۆ ڕێزگرتن لە رۆژی کۆمەڵە لەشاری ستوکهۆلم مراسمیک بە بەشداری ئەندامان ودوستان ولاینگرانی حیزبی کمونیست وکۆمەڵە، چەند رێکخراو وحیزبی ئیرانی وکوردستانی بەرێوەچوو، مراسم بە سرودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و سوسیالیسم دەستی پێکرد، پاشان هاوڕێ رئوفی پرستار ئەندامی کومیتەی ناوندی کۆمەڵە وحیزبی کومونیستی ئێران ووتاریکی پێشکەش کرد، مراسمەکە بەخویندنەوەی شییعر وسرودی شۆرشگیرانە وپێشکەشکردنی کردنی پەیامی ئەحزاب ورێکخراوە سیاسیەکان تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

دەقی ووتاری هاوڕێ رئوفی پرستار،

ئامادە بووانی بەڕێز! دۆستان و هاوڕێیانی خۆشەویست! وێڕای سڵاوێکی گەرم، زۆر بە خێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی یادی ٤٥ ساڵەی ئاشکرابوونی کۆمەڵە و زۆر سپاستان دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە، هاتوون و لە مەراسمی ئەمڕۆدا بەشدارن.

ئەمڕۆ ڕۆژی ڕێز گرتنە لە یاد و خەباتی هاوری حەمە حوسەینی کەریمی و هەموو ئەو تێکۆشەرانە کە لە ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یان لە زیندانەکانی جمهوری ئیسلامی لە ڕێگای ئازادی و سۆسیالیسمدا گیانیان بەخت کرد. ئەمڕۆ ڕۆژی ستایش و ڕێز گرتنە لەو دایک و باوک و خوشک و برایانە کە لە وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی جگەرگوشە و ئازیزانیاندا، پێداگری دەکەن.

رۆژی کۆمەڵە لە هەمان حاڵدا ڕۆژی ڕێزگرتنە لەو ئازیزانەی کە لە مەیدانی شەڕی پێشمەرگانە بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستان برینداد و کەم ئەندام بوون. ڕۆژی ڕێزگرتنە

لەو تێکۆشەرانەی کە بەشێک لە تەمەنی خۆیان لە زیندان و ئەشکەنجەگاکانی ڕژیمی ئێسلامیدا تێپەر کرد. ڕۆژی کۆمەڵە رۆژی ژنانی ستەم لێکراو، لاوی خوێندکار، هونەرمەندان و ئینسانە ئازادیخوازەکانە کە لە سەنگەری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیدا رەوتی رادیکاڵ و سوسیالیستی بە هیز دەکەن.

بەڕێزان!

ئەمڕۆ لە هەل و مەرجێکدا ڕۆژی کۆمەڵە ڕێز لێدەگرین کە مرۆڤایەتی شایەدی شەپۆلێکی تازە لە کۆمەڵکوژی و جنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستینە. دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لە ژێر ناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی ڕێکخراوەی حەماس، زیاتر لە ٤ مانگە بێ پسانەوە خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە شەو و ڕۆژ، لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە بۆمباران ئەکات. بەهۆی ئەم هێرشەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ۲۸ هەزار کەس کوژراون کە ۱۲ هەزاریان منالًن. دەیان هەزار کەس بریندار و زیاتر لە یەک و نیو ملیۆن کەس ئاوارە بوون.

دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانە ئۆروپاییەکانی لە ناتۆیش، کە هەموو ڕۆژێک باس لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن هەر لە ڕۆژی ئەوەڵی ئەم شەڕەوە بێ قەید و شەرت لە جنایەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل پشتیوانیان کردووە و بەرپرس و مەسئول و شەریکی ئەم شەڕە و ئەم جنایەتە دژی ئینسانیەن. خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەزە بە قیمەتی لە دەستدانی هەزاران کەس لە ئازیزانیان بە تەحەمۆلی برسیەتی، تینوویەتی و لە ژێر ئەم بۆمبارانانەدا بە یارمەتی هێزی هاوپشتی جیهانی، ماهیەت واقعی دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل و ماهیەتی ڕیاکارانەی دیمۆکراسی بورژوایی لە ئامریکا و ئوروپا لە دفاع لە مافی مرۆڤیان زیاتر لە هەمیشە ڕسوا کردوە و شکستێکی ئەخلاقیی گەورەیان بەو وڵاتانە داوە.

سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیلیان کردوەتە بەشێک لە پێناسەی سیاسی و ئیدئۆلۆژیی خۆیان، ئەم جارەش هەوڵیان دا بە بیانوی جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل، فریوکارانە بەردی دفاع لە خەڵکی فەلستین لە سنیگی خویان بدەن تا بەڵکە بتوانن بیروڕای گشتی لە بەرینایی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و کێشەی کۆمەڵایەتی و جەنایاتێک کە ڕۆژانە دژبە خەڵکی ئێران بەڕێوەی ئەبەن، بە لاڕێدا بەرن.

ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ساڵەهایە ئێران لە حەماس پشتیوانی ماڵی و تەسلیحاتی ئەکات و بەم کارەی خوی، هەل و مەرجێکی بۆ ئەحزابی دەستی ڕاستی ئیسرائیل ڕەخساندوە تا ئەوان بە گەورە نیشاندانی مەترسی حەماس، ئەهرومەکانی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی لەپێناو درێژەدان بە سیاسەتی داگیرکەرانەی خویان بگرنە دەست. بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئیدعای نابودی ئیسرائیل و سڕینەوەی لە سەر نەخشەی سیاسی گۆی زەوی، لەم دەورەیەدا ئەو پەڕی داماوی خوی لە بەرانبەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا نیشان داوە. زیاتر لە ۱۵۰ هێرشی موشەکی و پەهبادی لە لایەن هێزەکانی سەر بە ڕژیمی ئیسلامی کراوەتە سەر بنکە و پایگاکانی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق و سوریە. هەروەها هێرشی موشەکی سپای پاسداران بۆ شاری هەولێر، لە ڕاستیدا بەشێکی تر بوو لە هەوڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ شاردنەوەی زەبوونی خوی لە بەرچاوی دنیا لە بەرانبەر ملهۆڕی و قەدەر قۆدرەتی نیزامی دەوڵەتی ئیسرائیلدا. داماوی وداڕزانی مەوقعیەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەنگدانەوەی وەزعیەتی ڕژیمە لە ناوەوەی ئێراندا. ڕژیم هەر وەک ئاگادارن لەگەڵ چەندین قەیرانی هەمەلایەنە و قووڵی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی




بەرەوڕووە .

گرانی و چوونەسەرەوەی لەڕادەبەدەری قیمەتی کەل و پەلی ڕۆژانەی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا، پەرەسەندنی بێکاری کە بووەتە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی، هێڵی هەژاری۳۰ ملیون تمەنی لە تاران و ۲۵ ملیون تمەنی لە شارەکانی تر، حەقدەستی ۳ بەرابەر ژێر خەتی هەژاری، قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان هەژاری و سەروەت لەلایکەوە و هێرش کردنە سەر ژنان لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، زیاد بوونی منالانێک کە بە هۆی هەژاری لە خوێندن بەجێ ماون و بوونەتە منالانی کار ، زیاد بوونی منالانی سەر شەقام، پەرەسەندنی ئێعتیاد و ئەنواعی زیانی کۆمەڵایەتی، قووڵبونەوەی قەیرانی ژینگە و.... دەرخەری ئەم حەقیقەتەیە.

پەرەسەندنی ئەم قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیە لە هەل و مەرجێکدایە کە ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا دا ئەساس و پایەی ئیدئۆلۆژیی ڕژیمیان ڕوخاندووە و دەزگای ڕۆحانیەت و ئیدئۆلۆژیکی ڕژیم توانای مەشروعیەت بەخشینی بەم وەزعیەتە لەدەست داوە و ڕژیم لەناو ڕیزەکانی خویشیدا لەگەڵ بۆحران و چەند دەستەیی ڕوبەڕووە و دارمانی هێزەکانی بۆتە واقعیەتێکی حاشا هەڵنەگر.

ئەم هەل و مەرجە قەیراناویە، بووەتە هۆی ئێعتراز و مانگرتنی کرێکاران و بزووتنەوەکانی تر. بۆ نمونە زیاد بوونی مانگرتن و ئیعترازە کرێکاریەکان، ئێعترازاتی یەکشەممە، دوشەممە و سێشەممە کانی خانە نشینان، ئیعترازی پەرەستاران، ئیعترازی خەڵک دژی قەیرانی ژینگە، ... نیشان ئەدەن کە ئاخێزی ژینا هێز و توانای تازەی داوە بە بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزوتنەوە ئێعترازیەکان.

سەرەڕای ئەو هەلومەرجە فەلاکەتبارە کە بە سەر کرێکاران و زۆربەی خەڵکدا داسەپاوە، ڕژیم داماوتر لەوەیە کە بتوانێت ئاڵ وگۆڕ و ڕیفوڕمێک لە ژیانی خەڵکی هەژار و بێبەشی ئەم کۆمەڵگایەدا بەڕێوە بەرێت.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا یەکجار دەترسێ لەوەیکە چکۆلەترین پاشەکشە لە سیاسەتەکانی هەتا ئێستای، ڕووحیەی تەعەڕوز لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پەرەپێبدات و ببێتە هۆی لێکهەڵوەشان و لەناوچوونی یەکجاریی نەزم و نیزامی سیاسی ئیسلامیەکەی.

پرۆسەی تەدارۆک و خۆسازدان بۆ گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن، ڕەدی سەڵاحیەتی یەک لە سەر سێی نوێنەرانی مەجلیسی ئێستا و ڕەدی سەڵاحیەتی ڕوحانی و کەسە ناسراوەکانی ئێعتدالگەرا، نیشان ئەدات کە خامنەئی و کادری ڕێبەری سپای پاسداران، بۆ پەرەپێدانی سەرکوت لە هەولی پتەو کردنی ڕیزەکانی خویان و یەکدەست کردنی ئۆرگانەکانی حاکمیەت دان.

لەم هەلومەرجەدا، بۆ تەزمینی پێشڕەوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە، بۆ ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چەندین ئەرک و وەزیفە ئەکەوێتە سەر شانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و حێزبی کۆمۆنیستی ئێران و بەتایبەت کۆمەڵە.

یەکێکیتر لەو ئەرکانە پەرە پێدانی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستییە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان و خەڵکی ئێران. لەم ڕووەوە بۆ هەموومان ڕوونە کە نووکی پەیکانی خەباتمان دەبێ لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بێت. بۆیە پێویستە نە تەنیا چالاکانە بەشداریی لە هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و خۆپیشاندانی پێشکەوتوو لە دژی ئەم ڕژێمە بکەین، بەڵکوو دەبێ بە شێوەیەکی چالاکانە ئەم خەباتەش بەهێز بکەین. لە هەمان کاتدا، پێویستە ئەوە بزانین کە بەرهەڵستکاری سەرەکیمان لە خەبات بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤی حکوومەتی، ڕەوتەکانی بۆرژوازی لیبراڵ و کۆماری خوازن. پێویستە کرێکاران و خەڵکی ئێران بە ئاماژەدان بە پلانە ئابوورییەکانیان بۆ داهاتووی ئێران نیشانی بدەن کە ئەوان دەیانەوێت لە باشترین حاڵەتدا سیستمی ئایینی بۆ سیستمی سێکۆلاری سەرمایەداری بگۆڕن. ئەوان دەیانەوێت سەرمایەداری ئێران بە پشت بەستن بە مۆدێلی سەرمایەداری نیولیبراڵی پەرەپێبدەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە ئەم مۆدێلەی سەرمایەداری وەک هەموو مۆدێلەکانی دیکە هیچ دیارییەکی دیکەی بۆ کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی ئێران جگە لە هەژاری ئابووری و ستەمکاری سیاسی نابێت.

پێویستە بە ئیستدلال نیشان بدرێت کە بەبێ هێرش کردنە سەر موناسباتی سەرمایەداری، بەبێ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو ڕێکخستنی ئابووری سۆسیالیستی، بەبێ ئەوەی چینی کرێکاری ئێران کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە دەستەوە بگرێ ناتوانێ داواکارییەکانی کرێکاران و خەڵکی ئێران لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا وەدی بێنێت.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین ئەرکەکانمان ئەوەیە کە یارمەتی ڕێکخستنی بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکانی تر بدەین. یەکێک لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ئەوەیە کە زەرووەرەتی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی سیاسی و ڕێبەریی سەرانسەریی لەئاستێکی بەریندا بردووەتە ناو کرێکاران و جەماوەری خەڵکەوە. ئەوەیکە چینی کرێکار نەیتوانی بە مانگرتنی هاوکات، یەکگرتووانە و سەراسەری لە دامەزراوە و ناوەندە سەنعەتییە سەرەکییەکان ماشێنی سەرکوتی نیزامی سیاسی و چینایەتی زەمینگیر بکات و پێداویستییەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات، بەهۆی نەبوونی ڕێکخستن و سازماندانی بوو.

بزووتنەوەی کرێکاری، بەهۆی سەرکوتی بەرین، هەژاریی و بێکاری و نیگەرانی لە ئاکامەکانی مانگرتن، قەراردادی کاتی و سپی ئیمزا، نەبوونی ئەمنیەتی کار و نەبوونی ڕێکخراوەی جەماوەریی و چینایەتی، نەیتوانی لەئاستی کۆمەڵایەتی و سەراسەریدا دەورونەخشی خۆی بنوێنێ.

بەڵام سەرەڕای ئەم بەربەستانە، بزووتنەوەی کرێکاری ئێران یەکێکە لە زیندووترین بزووتنەوەکانی کرێکاری لە جیهاندا. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانەدا زەرفیەتی بەرینی لە ناخی خۆیدا پێکهێناوە. بێگومان نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران، کاریگەرترین میکانیزمە بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار. چونکە لە جەریانی ئەم مانگرتنانەدایە کە کرێکاران لەئاستی جەماوەریدا بەو ئاکامە دەگەن کە دەبێت ڕێکخراوی چینایەتی و گشتیی خۆیان دامەزرێنن.

کۆمیتەکانی مانگرتن و شوراکانی کارگەکان ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان هەیە لە ڕێکخستنی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران لە جەریانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاراندا. شۆرا کرێکارییەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم کۆمیتانەی مانگرتن و کومیتەکانی کارخانەوە پێک بێن. بۆیە پێویستە هەتا دەتوانین دەبێ یارمەتیدەری وەڕێ خستنی خۆپیشاندانەکانی کرێکاران بین.

لە کوردستان پێویستە یارمەتی بە سازماندانی کرێکاران لە هەموو ڕشتەکان ببێتە ئەولەویەتی کاری هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لەم دەورەیەدا. چالاکانی کۆمەڵە و شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان پێویستە داهێنەر و پێکهێنەری بزووتنەوەی بێکاران بەدژی دیاردەی بێکاری بن. وە لە جەریانی وەڕێخستنی بزووتنەوەی بێکاراندا، دژی بێکاری کە دیاردەی کۆڵبەریی لێکەوتووەتەوە، کەسانی بێکار سازمان بدەن.

ژنان کە بە بەشداریی ڕێکخراوی خۆیان لە ڕیزی خەباتی موعەلیمان و خانەنشینان و پەرستاران و بە ڕۆڵی پێشەنگی خۆیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، گەلێک زەرفیەت و توانای بەرچاویان لەبواری سازماندان لەخۆیان نیشان داوە، پێویستە بزووتنەوەی ڕزگاریی خۆیان بەرەو گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی شارەکان پەرەپێبدەن و ژنانی زەحمەتکێش لەناو شۆرا و ئەنجومەنەکانی ژناندا ڕێک بخەن. هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە و شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کمونیستەکان لە کوردستان پێویستە یارمەتیدەری بابەتی سازماندان لەم گەڕەکانە بن و بیکەنە ئەولەویەتی کار و چالاکیی خۆیان.

ژینگەپارێزان لە کوردستان لە بەرامبەر هێرشی دەسەڵات بۆسەر ژینگە و چالاکانی ئەم بوارە، پێویستە زیاتر یەکگرتوو و یەکڕیز بن و بە پێکهێنانی ڕێکخراوی سەرانسەری چالاکییەکانیان پەرەپێبدەن. پێویستە گرینگیی ئاو و هەوای خاوێن و پاراستنی سەرچاوە سرووشتییەکان و دارستانەکان و سیاسەتی دژە ژینگەی ڕژیم بۆ خەڵک زیاتر شی بکەنەوە. ئەم بوارە یەکێک لەو ئەولەویەتانەیە کە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە نابێ بە جەریاناتی دیکەی بسپێرن و پێویستە ڕاستەوخۆ لە سازماندانی ئەم بوارەدا دەورونەخشێکی زیاتریان هەبێت.

ئەرکێکی گرینگی دیکەی بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێبەریی سەراسەری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە لەپێناو ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامیدا. بۆ وڵامدانەوە بەم کەم وکوڕییەش هەوڵ و تێکۆشانی بەرچاو ئەنجام دراوە. لەماوەی حەوتووەکانی ڕابردوودا بەیاننامەی سیاسیی دەیان ڕێکخراوی کرێکاری و خوێندکاری و ناوەندی نووسەرانی ئێران بە ئیعتراز و مەحکووم کردنی سزای ئێعدام وەک کوشتنی بە ئەنقەستی دەوڵەتیی، بەیاننامەی شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی مامۆستایان لە نارەزایەتی بە تەرحی دژە کرێکاریی بوودجەی ساڵی١٤٠٣، بەیاننامەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەدژی یاسای حەقدەست، هەڵوێستی هەر ئەم ڕێکخراوانە بەرانبەر کومەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، وە یان بانگەوازی لاوانی شۆڕشگێڕ و کۆڕ و کۆمەڵی



خوێندکاری و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی دژبە ئێعدامی چوار زیندانیی سیاسی و بۆ وتنی نا بە ئیعدام، هەر هەموویان هەوڵ و تێکۆشانی بەنرخن لەڕاستای پێکهێنانی ڕێبەریی سەرانسەریدا. چالاکانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە پێویستە لەئاستی سەراسەری و لە کوردستان، ڕێز لەو تێکۆشانە بگرن و بەهێزی بکەن.

بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی موتەحەزب و ڕێکخراوی ئێران بە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە دەتوانێ ئاوێتەی چەپی کۆمەڵایەتی بێت لەئاستی کۆمەڵگادا. هێزی مەزنی چەپی کۆمەڵایەتیی مەوجوود لە کۆمەڵگای ئێران کە لە بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاری و لە هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە ئیعترازییەکاندا حزوورێکی بەرچاوی هەیە، پایەی کۆمەڵایەتیی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستییە. ئێمە هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران، پارت و ڕێکخراو و چالاکانی تاراوگە نین. بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێران پەیوەندییەکی سیاسی و مەعنەویی قووڵی لەگەڵ چەپی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگادا هەیە. پێویستە هەوڵ بدەین ئەم پەیوەندە مەعنەوی و سیاسییانە بکەینە پەیوەندێکی زیندوو و ئۆرگانیک.

پێویستە هەوڵ بدرێت بزووتنەوە پێشڕەوەکانی وەک بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێکەوە هاوڕا بکەین. هەر ئەوەیکە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، کوردستان بووەتە پایەکی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە سەرانسەرییە و بووەتە چاو و چرای خەڵکی ئێران، نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانی خۆی لەوانە کۆتایی هاتن بە ستەمی نەتەوایەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕاپەڕینێکی سیاسی لەئاستی سەرانسەریدا دەبینێ.

یە کیکی تر لە گرینگترین ئەو ئەولەویەتەکانی کۆمەڵە لە کوردستان هە وڵ دانە بۆ وەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی شورایی لە کوردستان. دە بێ هە وڵ بدەین باوەڕ بە دەسەڵاتی شورایی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردوستان بەرینە ناو هەر کۆڕ و کۆمەڵێک لە کوردستان. ئەگەر دەڵێین کۆمەڵگای

کوردستان، کۆمەڵگایەکی حیزبییە، ئەگەر لە سەر ئەو باوەڕەین کە بزوتنەوەی سوسیالیستی لە کوردستان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی دا بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو و تحزب یافتەیە، ئەم ئامادەیی و ریکخراو بوونە، دەبێ خوی لە هە نگاوی خێراتر لە وەڕێخستنی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان نیشان بدا. جا لێرە دایە کە ئەهەمییە تی عەمەڵی شکڵ دان بە شورای هاوکاری هیزە چە پ و کومونیستە کان بۆ وەڕێ خستنی بزوتنەوەیەکی شورایی دەردەکەوێ. وەڕێ خستنی بزوتنەوەیەکی شورایی ئەو کارەیە کە پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان تەزمین و زەمانەت دەکا. بە بێ وەڕێ خستنی بزووتنەوەیەکی شورایی بەهێز، مە ترسی ئەوە هەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دوارۆژی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان دا جارێکی تر بکەونە پەراویزەوە و مەودایان پێ نەدرێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵات و مۆدیرییەت و ئیدارەی کۆمەڵگا نەخش و دەوریان هەبێ.

لە بەشی کۆتایی باسەکانمدا دەمەوێ بەکورتی وڵامێک بدەمەوە بە نیگەرانییەکی دۆستانی حیزب و بەشێک لە هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران کە دڵسۆزانە مەسائلی حیزبی ئێمە تەعقیب دەکەن. ئەم هاوڕێیانە باس لەوە دەکەن کە یەک ناو بوونی لایەنی جیابۆوە لە حیزب لەگەڵ ئێمە جۆرێک سەرلێشێواوی دروست دەکات. نیگەرانیی ئەم هاوڕێیانە لەم بوارەدا قابیلی دەرکە. بەڵام بە نەزەری من تێپەڕینی کات، خۆی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات.

پێداگریی ئێستامان لەسەر بەردوامبوونی چالاکیمان لە ژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یان لە کوردستان، بە ناوی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی ئەم حیزبە، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا لەسەر بنەمای واقعیەتێکی عەینی بووە. بێگومان ئەوە جەریانی ئێمەیە کە لەڕاستای بەرنامە و ستراتێژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی ئەم حیزبە چالاکییەکانی خۆی درێژە دەدات.

لە ڕاستیدا لایەنی جیابۆوەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە خەریکە دەورەیەکی گوزار تێدەپەڕێنێ. جەناحێکی ئەم جەریانە موخالفی چالاکی لەژێرناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن. یان لەو باوەڕەدان کە بۆ جارێکی دیکە دەبێ کۆمەڵە لەژێرناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بێننە دەرێ. ئەوەیکە ئەم جەناحە هێشتا متمانە بەخۆیی پێویستی بۆ ئاشکرا کردنی ڕوانگە و بۆچوونەکانی پەیدا نەکردووە، ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. ئەم دژایەتی و ناتەباییانە و ڕوو ڕاست نەبوونیان لەگەڵ خەڵک، لە کۆتاییدا ناچاریان ئەکات ناوی خۆیان لەگەڵ ناوەڕۆکی چالاکییەکانیاندا بگونجێنێن و ناوێکی گونجاو لەگەڵ سرووشتی سیاسەت و چالاکییەکانیان هەڵبژێرن.

لێرەدا کۆتایی بە قسەکانم دێنم و سوپاسی کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەکەم بۆ بەشداریان لەم مەراسمەدا.

❊❊❊

# ڕەمزی ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە کۆمەڵەیان لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە کردووە لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەنداندا بۆ جارێکی تر بیر لەو ئاوات و ئامانجانە دەکەنەوە کە لەماوەی ساڵیانی ڕابردوودا و بە ڕێبەریی کۆمەڵە خەباتیان بۆ کردووە. باشترین ڕۆڵەکانیان لەڕێگای گەیشتن بەم ئامانجانە لەدەست داوە و بیر لە دوارۆژێک دەکەنەوە کە کۆمەڵە بە بەرنامە و ستراتێژی سیاسی خۆی، بە کردەوە و عەزمی پۆڵایینی شۆڕشگێڕانەی خستوویەتە بەرچاویان. بیر لەو پەیوەندییە قووڵ و پتەوە دەکەنەوە کە لەگەڵ کۆمەڵە بەرقەراریان کردووە. ئەو بیرەوەرییانە هەڵدەدەنەوە کە لە ماوەی ساڵەها خەبات خستوویانەتە دڵیانەوە. ئەو بیرەوەرییانەی کە بۆیان ئازیز و بەڕێزە و نەتەنیا ژیانی ئەوڕۆیان بەڵکوو ژیانی سبەینێشیان ڕەنگ و بۆیانی گرتووە. بیر لە بەڵێن و پەیمانێک دەکەنەوە کە هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە تازەی دەکەنەوە. بەڵێن و پەیمانێک کە تا گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری تا بەرپاکردنی حکوومەتی کاریگەری و هەڵکردنی ئاڵای سۆسیالیزم هەموو جارێ و هەموو ڕۆژێ لەسەری پێداگری دەکەن. کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بە ئامانج، بەرنامە، ستراتێژی و ئارمانە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی، کە ئەمڕۆ ئاوێتەی خەبات و هەستی ملیۆنان ئینسانی زەحمەتکێش بووە، ساڵانێکی پڕ لە خەبات و خۆڕاگری و سەرسەختی کەم وێنەی پشت سەر ناوە.

کۆمەڵە لە پاییزی ساڵی ١٣٤٨ لە جەرگەی بارودۆخێکی تایبەتی کۆمەڵایەتیدا پێکهات. بارودۆخێک کە بە زاڵبوونی موناسباتی سەرمایەداری و ڕووخانی نیزامی فیۆدالی، ڕۆیشتنی زەحمەتکێشانی گوندەکان بەرەو شارەکانی ئێران و بە گەشەی چینی کرێکار لە ڕووی چەندایەتییەوە کە بێجگەلە فرۆشی هێزی کار هیچ ئامرازێکی تریان بۆ دابینکردنی ژیانیان نەبوو، پێناسە دەکرێت. گەشەی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لە ڕووی چەندایەتییەوە و چڕبوونەوەی لە شارەکان، سیمای سیاسی کۆمەڵەگەی گۆڕی. کاریگەریی خستە سەر هەموو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و کێشمەکێشی تازەی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا پێکهێنا. کێشمەکێشی کرێکاران و سەرمایەداران لەسەر سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان، لەسەر چۆنیەتی بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی ژیانی شیاوی ئینسان، بوو بەشێک لەم واقعییەتە. ئەم کێشمەکێشە بەرین و کۆمەڵایەتییانە کە لە شار و گوندەکان لەئارادابوو، پێویستی بە وڵامی شۆڕشگێڕانە و خەباێتکی نوێ بوو. هەستەکانی سەرەتایی کۆمەڵە و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەم، کە لەئاست مەسائیلی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەستیان بە هاودڵی و بەرپرسایەتی دەکرد، هەوڵیان دا تا وڵام بە بابەت و پێداویستییەکانی ئەو سەردەمە بدەنەوە. کەم نەبوون ئەو چالاکە کۆمۆنیستانەی کۆمەڵە کە کاروانی کرێکارانی کوردستانیان تا مەعدەنەکانی سمنان و دامغان، تا بارەندازەکانی بەندەرعەباس، تا ئەهواز و ئابادان، تا کرمان و ڕەفسەنجان، تا تاران و ئیسفەهان هەمڕاهی دەکرد و شان بەشانیان کاریان دەکرد و لەناویاندا تۆوی وشیارییان دەچاند، ئەوانیان لەگەڵ دەرد و ڕەنج و نەهامەتییەکانی دنیای سەرمایەداری، و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە ئاشنا دەکرد، مانگرتن و خەباتیان سازمان دەدا و ڕێبەرییان دەکردن!

لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کادر و هەڵسووڕاوانی ڕیزەکانی کۆمەڵە لە ناو زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازدا، بوون بە کەسایەتی ناسراو و پێشڕەو و جێگای متمانەی خەڵکی ڕاپەڕیو و بوون بە ڕێبەری خەباتی جەماوەری لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان. کۆمەڵە لە وڵام بەو پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە لەسەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ەوە هاتبوونە ئاراوە، یەکەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەیی خۆی لە



پاییزی ساڵی ١٣٥٧دا بەڕێوەبرد. ئەگەرچی دیکتاتۆری ڕژیمی شا دەرفەتی تەداروکی سیاسی و تەشیکلاتی پێویستی بۆ وڵامدانەوە بە پرسەکانی ئەم قۆناغەی بە کۆمەڵە نەدابوو، بەڵام کۆمەڵە بە هەموو کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانییەوە لە کۆنگرەی یەکدا بڕیاری دا کە بە هەموو توانایەوە خەباتی جەماوەری لە کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران بەرەوپێش بەرێت. هەر لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆمەڵە ئەو ڕێکخراوەیە کە لەئاست پرس و کێشەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش، پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانیان، بێ مافی ژنان و تەحقیری هەموو ڕۆژەیان، هەستیارە و بۆ بەهێزکردن و هیدایەتی خەباتیان بە هەستی بەرپرسایەتییەوە ڕەفتار دەکات. کۆمەڵە بە پێی توانای خۆی و ئامادەیی هێزی کۆمەڵایەتی حازر لە مەیدان، بێدەریغ لە ڕاستای پێشڕەوی خەباتی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە و لەپێناو پاراستنی هەموو دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانیان خەباتی کردووە و بەمجۆرە پەیوەندی نێوان خۆی و جەماوەری زەحمەتکێشی قووڵتر و مەحکەمتر کردووە.

کۆمەڵە دوای ٩ ساڵ و چەند مانگ چالاکی نهێنی، بەدوای گیان بەختکردنی هاوڕێ "حەمە حسێن کەریمی" لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە لە گەرمەی ڕاپەڕین و خرۆشی خەڵکی ئێران

دژبە ڕژیمی شا، لە پێشەوەی ڕیزەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو و شۆڕشگێڕی شاری سەقز، لە ڕۆژی ۲۳ی ڕێبەندانداا لە هێرش بۆسەر شارەوانی ئەم شارە کرایە ئامانجی بەکرێگیراوانی ڕژیمی شا و لە ۲۶ی ڕێبەندانداا دڵی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە لێدان کەوت، بەرەسمی چالاکی ئاشکرای خۆی دەستپێکرد. ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کەسایەتی نەناسراو نەبوون. هەمان یارانی دێرینی ئەوان، خەباتکارانی خۆڕاگری زیندانەکانی ڕژیمی شا، چالاکان و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و جووتیاری، داکۆکیکارانی ڕاستەقینەی مافی ژنان، ڕێبەرانی بەنفوزی جەماوەری بەرینی خەڵک و ڕێبەرانی خەباتی سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینی ئەوان بوون!

کۆمەڵە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ۵۷ بە سازماندانی خەباتی گشتی و جەماوەری و بە ڕێبەریی بزووتنەوەی خۆڕاگری بەرانبەر بە هێرشی دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی و هەروەها موقاوەمەتی سەرسەختانە لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی مەحەلی، دیفاع لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەمدیدەی کۆمەڵگەی کردە سەرلەوحەی چالاکییەکانی خۆی. ئەوەیکە لەدوای ڕاپەڕین چارەنووسی ئەم ڕێکخراوەی لەگەڵ چارەنووسی ملیۆنان ئینسانی ستەملێکراو و تینووی ئازادی گرێ دا، موقاوەمەتی کۆمەڵە لە بەرامبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ و دۆستانی ڕیاکار و درۆیینی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بوو. دیفاع لە جووتیاران لە بەرامبەر مالکان، دیفاع لە زەحمەتکێشانی گوندەکان لە سەردەمی زەوتکرانی زەمینەکان، دیفاع لە ژنان لە بەرامبەر کۆنەپەرستی زاڵ و کلتوور و سوننەتی پرتووکاوی پیاوسالاری، دیفاع لە کرێکاران بەرانبەر بە سەرمایەداران، دیفاع لە چەکدارمانەوەی خەڵک و هەوڵ بۆ چەکدارکردنی زەحمەتکێشان، پێکهێنانی ئەنواعی ڕێکخراو و جەمعیەت و یەکیەتی جووتیاران، شوڕای ژنان و خوێندکاران، و لە هەمان حاڵدا هەوڵ بۆ هێنانە مەیدانی بەرینی جەماوەری خەڵک بەرانبەر بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کە سەرەنجام لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ دا لەشکرکێشی کردە سەر کوردستان. سازماندانی حەرەکەتی جەماوەریی گەورەی وەک کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان و سازماندانی باقی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان کە هێمای دەخاڵەتدانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بواری خەباتی سیاسی بوون، بوو بەهۆی ئەوەیکە کۆمەڵە بتوانێ پاش هێرشی نیزامی ڕژیمی ئیسلامیش ئاڵاهەڵگری موقاوەمەتی جەماوەری و چەکداری خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە هێرشی هێزی داگیرکەر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بێت.

دوای ئازادکردانی شارەکان لەلایەن خەڵک و هێزی پێشمەرگەوە کە ڕژیمی ناچارکرد ڕیاکارانە دەست بکا بە ووتو ووێژ، لەحاڵێکدا کە حیزبی بورژوایی بە ئامانجی خامۆشکردنی خەبات، حازر بوو هەموو جۆرە موعامەلە و سازانێک بکات، لێبڕاوبوون و لێزانی کۆمەڵە لە ووت وێژ لەگەڵ ڕژیم لەپێناو پاراستنی بزووتنەوە و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەرەپێدانی ئازادیە دیموکراتیکەکان، سازماندانی هەرچی بەرینتری چالاکی وشیاریدەرانە لە ماوەی دوو لەشکرکێشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، بۆ جارێکی تر توانایی کۆمەڵەی لەبواری ڕێبەریکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و هێنانەمەیدانی چینی کرێکار بە باشی نیشان دا. لەماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕین، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان، گەلێک پرسی کۆمەڵایەتی و خەباتی هێناوەتە گۆڕێ و پەرەی پێداوە. کۆمەڵەش بەردەوام تێکۆشاوە کە لەئاستیاندا وڵامدەرەوە بێت. بەڕێوەبردنی ئەم خەباتە و پێشڕەوی لەم بوارانەدا بە قیمەتی فیداکاری و گیان بەختکردنی هەزاران کەس لە پێشڕەوترین و دڵسۆزترین شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست مەیسەر بووە.



کۆمەڵە بە بەشداریی چالاکانە لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە زەمینە فکری و سیاسی و بەرنامەییەکانی لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە لە بەهاری ۱۳۶۰ و کۆنگرەی یەکەمی سازمانی ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیستەوە فەراهەم ببوو، بۆ وڵامدانەوە بە زەرووڕەتێکی سیاسی گرینگ لە یەکێک لە هەستیارترین ساتەکانی ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بینی. کۆمەڵە لە باروودۆخێکدا کە شۆڕشی ئێران لەژێر زەربەی حکوومەتی دژەشۆڕشی ئیسلامیدا دوایین هەناسەکانی دەدا، دەست لەناو دەستی بەشی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستەکانی ئێران لە مانگی خەرمانانی۱۳۶۲ ئاڵای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی بەرزکردەوە.

بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک بەشێکی جیانەکراوە لێی، لە هێندێک قۆناغدا بەرەوڕووی کێشمەکێشی توندی ناوخۆیی بووەتەوە کە هەموو جارێ جیابوونەوە و لێکترازانی لێ کەوتووەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو زیان و زەبرانەی کە ئینشعابەکان لە پاش خۆیان بەجێیان هێشتووە، کۆمەڵە بە خۆڕاگری و پابەندارییەوە بۆ دیفاع لە باوەڕە کۆمۆنیستییەکانی لەژێر باری ئاکامەکانی ئینشعابدا پشتی ڕاست کردووەتەوە و بە دیفاعی پەیگیر لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە پێداگری لەسەر بنەماکانی ستراتێژی سۆسیالیستی و دەورونەخشی ڕێبەری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان نەیهێشتووە کە پایەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا زەربەی جیددی وێکەوێ.

ئەمڕۆ بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە چالاکی ئاشکرای کۆمەڵە، بەرهەمی هەڵسووڕانی هاوبەشی کۆمەڵە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەتوانین لە ئاستی وشیاری و توانایی، کارایی و نفووزی کۆمەڵایەتی ئەم جەریانەدا ببینین. حاسڵی ئەو هەمووە ساڵە کار و هەوڵ لە دەسەڵاتی ڕیزەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی، لە گەشە و نفووز و ئیعتباری کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیسم، لە نفووزی بیر و سوننەتی کۆمۆنیستی لەناو کرێکارانی کوردستان، لە ئاشنایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی خەباتکار بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان و بە ئارمانی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری خۆی نیشان داوە.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەموو ماوەی خەباتیدا بەردەوام لەسەر گرینگی یەکگرتن و هاوپشتیی سیاسی و چینایەتی کرێکاران لە سەراسەری ئێران تەئکیدی کردووە. کرێکاران لە کوردستان بەهۆی هەر ئەم هەڵوێستە ستراتێژیکە سۆسیالیستییەیە کە ئەمڕۆ لە خەبات بۆ وەدیهاتنی ماف و داخوازییە پێشێلکراوەکانیان لە خەبات دژی ستەم و دیکتاتۆری ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایە لە ئێران، خۆیان هاوڕێ و هاوسەنگەری کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە، فوولادی ئەهواز، ئێران خودرەو، کرێکارانی نەوت و پێترۆشیمییەکان، هێپکۆ و ئازەرابی ئەراک، مامۆستایان و خانەنشینان و باقی بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران دەبینن. لە جەرەیانی ئاخێزی مانگی خەزەڵوەری ۹۸و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لەئاستی کۆمەڵایەتیدا نیشانیان دا کە بۆ ڕزگاری لە چنگ کۆماری ئیسلامی ڕێگایەکیان بێجگەلە هاوپشتی لەگەڵ بێبەشانی شار لە شوێنەکانی تری ئێران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێش نییە. ئەم گۆڕانکارییانە نیشانی دەدات کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان کە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی سەراسەریدا خاوەنی چ پێگەیەکە. ئەم پەیوەندە خەباتکارانەیە یەکێک لە ڕەمزەکانی پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە.

ئەم دۆخە ئەو ئیمکانە بە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی دەدات کە زیاتر لە جاران پشت بە بنکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ببەستێت. واتە پەیوەندەکانی خۆی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان قووڵتر بکاتەوە. تۆڕەکانی ڕێکخراوی خۆی لە ناویاندا پەرەپێبدات. بەپێی نفووز و ئیعتباری کۆمەڵایەتییەک کە هەیەتی تەشکیلاتی حیزبی خۆی گەشە پێبدات. هەموو زەرفییەتەکانی خۆی بۆ هێنانە مەیدان و سازماندانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە وەکار بخات بەجۆرێک کە لە هەر هاوسەنگییەکی هێزدا بتوانێ وەحدەت و یەکپارچەیی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە بپارێزێ. کۆمەڵە بە هەر ڕادەیەک کە بتوانێ چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی ستەمدیدەی کوردستان بێنێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەخاتە پێگەیەکی باشترەوە بۆ بەکردەوەدەرهێنانی ڕێگاچارەی

سۆسیالیستی لەپێناو نەمانی ستەمی نەتەوەیی، وەدیهێنانی مافی خەڵکی دانیشتووی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، وەدیهێنانی ئازادییەکانیان تا ئاستی جیابوونەوەی یەکجاری و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.

کۆمەڵە بە پشت بەستنی بە پێگەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان دەتوانێ ڕۆڵێکی چارەنووسسازی بێت لە وەڕێخستنی بزووتنەوەی شۆرایی لە کوردستان. پێویستە بیری ڕێکخراوبون و دەسەڵاتی شۆرایی ببردرێتە ناو هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکەوە. لەبارودۆخێکدا کە زیاتر لە یەک ساڵ بەسەر دەستپێکی بزووتنەوەی ژینادا تێپەڕیوە، پێویستە بۆ بەرپاکردنی شۆراکان لە هەر کارخانە و ناوەندێکی بەرهەمهێنان، لە هەر گەڕەکی شار و شارۆچکە و گوندێک لە کوردستان تێبکۆشین. ئەگەر لەو باوەڕەداین کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان بە بەرینایی کۆمەڵگا بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و موتەحەزیبە، ئەم زەرفییەت و ڕێکخراوبوونە پێویستە لە هەنگاوی قورس و قایم بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی لە کوردستان خۆی نیشان بدات. وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی یەکێکی تر لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە. بەبێ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی بەهێز، ئەو نیگەرانییە لەئارادایە کە جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بۆ جارێکی تر بخرێنە پەراوێزەوە و دوای چەند دەیە خەبات ئیمکانی ئەوە پەیدا نەکەن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵات و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەورونەخشیان بێت. وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی و دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان لە پەیوەند و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری دەتوانێ لەئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتیوانیی ڕەوتە سۆسیالیستەکان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕووی ستراتێژییەوە قووڵتر بکاتەوە.

ڕەمزی خۆشەویستی و بەرزڕاگرتنی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە لەلایەن کرێکارن و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لەوەدایە کە کۆمەڵە لە پێشیانەوە، لە سەنگەری ئازادییاندا، لە دیفاعی بێ ئەمان لە بەرژوەندیان و بە بێ ڕارایی وسازان لەگەڵ دوژمنانی چینایەتییان ئەم ڕێگایە تا کۆتایی و تا گەیشتن بە دواڕۆژی سەرکەوتن بە سەربەرزییەوە درێژە پێدەدات. ڕۆژی کۆمەڵە ڕۆژی نوێکردنەوەی عەهد و پەیمانە بۆ درێژەدانی ئەم ڕێگایە.

❋❋❋

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# پێویستە لێبڕاوانە شکست بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم بێنین

قەرارە شانۆی هەڵبژاردنەکانی دوازدەهەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و شەشەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرگانی ڕەهبەری ڕۆژی ١١ی مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی بەشێوەی هاوکات بەڕێوەبچێت. بەپێی مەرجە دیاریکراوەکان تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن خۆ کاندید بکەن کە باوەڕ و پابەندبوونیان بە ئیسلام و وەلایەتی فەقیە و قانوونی ئەساسی سەلمێندراوە و پێشینەیان لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعات و شۆرای نیگەهبانەوە پەسندکراوە. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بەم پێش مەرجانەی کە بۆ کاندیداتۆری لەم شانۆیەدا دیاریی کردووە، داوا لە خەڵکی ئێران دەکات کە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە بێنە پای سندووقەکانی دەنگدان و لەناو قافڵەی جەنایەتکاراندا، لەناو قاتڵانی ڕۆڵەکانیاندا و لەناو دزان و دەست و پێوەندەکانی ڕژیمدا ژمارەیەکی دیکە هەڵبژێرن تا بۆ چەند ساڵی دیکە بەسەریاندا دەسەڵاتداری بکەن. بەڵام لە بەرەی بەرامبەردا، لە بەرەی کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو لەم بارودۆخە، لە کۆڵان و شەقام و لە ئیدارات و شوێنی کار، لە ناو ئوتوبوس و مێترۆ و لە هەموو شوێنێک باسی بایکۆتی بەرین بۆ تێکشکاندنی ئەم گاڵتەجاڕییە لەئارادایە. کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران و خوێندکاران لە ڕێپێوان و کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانیاندا بە وتنەوەی دروشم بانگەواز بۆ بایکۆتی شانۆگەری هەڵبژاردنەکانی ڕژیم دەکەن. ئەوان بە بێ ترس و نیگەرانی ئەم دروشمانە بەبی ترس دەڵێنەوە : "هێندەمان درۆ بیست، ئێمە ئیتر دەنگ نادەین"، "عەداڵەتێکمان نەبینی، ئێمە ئیتر دەنگ نادەین"، "نە سندووق، نە دەنگدان، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان"، تەنها لەسەر شەقامەکان بەدەست دێنین مافمان". بزووتنەوەی نەچوونە پای هەڵبژاردنەکانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران هێندە بەرین هاتووەتە مەیدان کە خامنەیی، فەرماندەکانی سپای پاسداران و هەموو سەرانی ڕژیمی ترساندووە.

گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی "مەجلیسی شۆرای ئیسلامی" و "مەجلیسی خوبرگانی ڕەهبەری" لە هەمان حاڵدا بووەتە مەیدانی کێشمەکێشی باڵەکان و داروودەستەکانی ڕژیمی ئیسلامی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و بەشخوازیی زیاتریان لەسەر بەرهەمی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و تاڵانکردنی سەچاوە و سەروەتی کۆمەڵگا. حەسەن ڕووحانی وێڕای ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بە مەرگی عەلی خامنەیی "بۆ ڕۆژی مەبادا" بەربژێربوونی خۆی بۆ مەجلیسی خوبرگان ڕاگەیاند و شۆرای نیگەهبانیش بە تەحقیرەوە سەلاحیەتی ئەوی ڕەت کردەوە. ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی کە ڕێزەکانیان ئاڵۆزە و تووشی سەرلێشێواوی بوون، ئەم تەحقیر و سووکایەتییانە تەحەمول دەکەن و ئەگەرچی لە ئیمکانی ئیرائەی لیستی کاندیدەکانی خۆیان لە حەوزەی هەڵبژاردنی تارانیش بێبەری کراون، بەڵام بەخاتری ئەوەیکە چارەنووسی نیزامی ئیسلامی لە مەترسیدا دەبینن لە پڕۆسەی موهەندسی کراوی ئەم ئینخاباتەدا بەشدارییان کردووە و بازاڕگەرمی بۆ دەکەن. خامنەیی لە پێگەی وەلی فەقیهی ڕژیم، کە تەنانەت ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتیشی خستووەتە مەنگەنەوە، لەوپەڕی بێشەرمیدا داوا لە خەڵک دەکات کە لەم گاڵتەجاڕییەدا بەشداری بکەن و مۆری تەئید لە ئیدیعای مەشرووعیەتی ڕژیمەکەی بدەن. هەموو داروودەستەکانی ڕژیم سەرەڕای بەربەرەکانی و کێشمەکێشی نێوانیان، بەشێوەی هاوبەش بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و "بەدەستهێنانی" مەشرووعیەت بو دەسەڵاتی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن.

بەڵام سەرەڕای هەوڵی باندە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لەم نمایشە ئینتخاباتییە، کرێکاران و خەڵکی ئێران دەمێکە لە سندووقەکانی دەنگدان عبووریان کردووە. تەنانەت بەپێی ڕاپرسی ناوەندێکی خودی دەوڵەت، ئاستی بەشداریکردن لە تاران ١٦ لەسەد بەرئاورد کراوە.

ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانباری ٩٦ بە دروشمی "ئیسلاح تەڵەب ئوسولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" ستراتێژی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی ئیسلامی لەڕێگەی مێکانیسمی ئینتخابات و سندووقەکانی دەنگدانی پووچەڵ کردەوە. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەزەڵوەری٩٨ و بەرینایی جەنایات و کوشتاری سازماندراوی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم دژبە ناڕازییانی بێبەشی شار، موناسباتی تاقمی دەسەڵاتداری لەگەڵ خەڵک گەیاندە قۆناغێکی ئاشتی هەڵنەگر و پێویستی تێپەڕینی شۆڕشگێڕانەی لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کردە بەشێک لە ئەزموون و وشیاریی گشتی خەڵک. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمە سەرەکییەکانی وەک "ژن ژیان ئازادی"، "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ بۆ خامنەیی"، زەرووڕەتی پەرەپێدانی ئاسۆی سۆسیالیستی، بابەتی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی سیاسی و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەئاستی جەماوەریدا بردووەتە ناو کرێکاران و جەماوەری خەڵکەوە. لەڕاستیدا خەڵک نەتەنیا لە سندووقەکانی دەنگدان، بەڵکوو لە خودی کۆماری ئیسلامیش عبووریان کردووە و بە شتێک کەمتر لە ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە دەنگ نادەن. وەڕێکەوتنی ئەم بزووتنەوە بەرین و ڕیشەدارە بۆ شکستپێهێنانی شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕژیمی ئیسلامی، ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕە مەزنەیە لە وشیاری و لە زهنیەتی جەماوەردا.

کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ناڕازی دەزانن کە ئەم شانۆیە، بەپێی نرمترین پێوەرەکانی تەنانەت دیموکراسییەکی پرتووکاوی سەرمایەداریش، هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵبژاردنەوە نییە. ژنان

و پیاوانی ئازادیخواز دەزانن کە هەر دەنگێک بە هەر بیانوو و پاساوێکەوە، بەناوی "ئینتخابات"ی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی یان مەجلیسی خوبرگانەوە بخرێتە ناو سندووقەکانی دەنگدانەوە، بەکردەوە لە خزمەت درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم ڕژیمە و لە خزمەت درێژەی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری، هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەمانای پەرەپێدانی سەرکوت و درێژەی بێ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز باش دەزانن کە دەبێ لە ناکۆکی نێوان کاربەدەستانی ڕژیم و لەو قەیرانەی کە سەرتاپێی حکوومەتی ئیسلامی داگرتووە لەپێناو گەشەپێدانی ناڕەزایەتی خۆیان بەدژی حکوومەت و هەموو داروودەستەکانی و لەپێناو ئیعتراز لەدژی جەهەنەمێک کە بەرپایان کردووە، کەڵک وەرگرن. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بڕیاریان داوە کە بە نەچوونە پای سندووقەکانی دەنگدان ئەم گاڵتەجاڕییە شکست پێ بێنن و لەم ڕێگەوە هاوسەنگییکی هێزی گونجاوتر بۆ درێژەدانی خەباتی مافخوازانەیان ئامادە بکەن. ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران بڕیاریان داوە کە بە نەچوونە پای سندووقەکانی دەنگدان و بە وتنی "نایەکی گەورە"ی دیکە بە کۆماری ئیسلامی ئەم نمایشە ئینتخاباتییەش بکەنەوە نمایشی نامەشرووع بوونی نیزامی ئیسلامی.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێشوەختە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراو و ناوەندەکانی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران و نووسەران، هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ، دایکانی دادخواز، چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە درێژەی خەباتی پڕگڕوتین و گیانفیدایانەی خۆیان عەزم و ئیرادەی یەکگرتووانەیان بۆ شکست پێهێنانی ئەم گاڵتەجاڕییە نیشان داوە، بەرز دەنرخێنێت. بێگومان ئەو هەڵمەتەی کە بۆ تێکشکاندنی لێبڕاوانەی شانۆی ئیتخاباتیی حکوومەتی ئیسلامی دەستپێکردووە سەردەکەوێ و ئەم سەرکەوتنەش دەبێتە سەنگەرێک بۆ پێشڕەوی و هێرشی بەرینتر بۆسەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران دەنگ بە قاتڵانی ڕۆڵەکانیان نادەن، بەڵکوو دەسەڵاتەکەیان دەڕووخێنن. ئینتخابی ڕاستەقینەی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و ڕەفاهی ئینسانەکان، دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ژێردەستە لە دەسەڵاتی شورایی و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کاریگەری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۲٤ی ڕێبەندانی ۱٤۰۲ی هەتاوی

۱۳ی فێوریەی ۲۰۲٤ی زایینی

***

# دژە شۆڕشی ئیسلامی چۆن بە دەسەڵات گەیشت
# بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۵۷

لە سەروبەندی ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی ۲۲ی ڕێبەندان داین. ڕژیمی ئیسلامی بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ۲۲ی ڕێبەنداندا ڕوویان داوە، ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی ڕژیمی پاشایەتیی کردبە ۱۰ ڕۆژ و ناوی "دەیەی فەجر"ی لەسەر دانا. بەڵام ئەوەیکە ڕۆژی ۲۲ی ڕێبەندان ڕووی دا نە تەنیا بەرهەمی فەرمانی خومەینی و ڕەوتی ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەی مەیلی ئەوان ڕووی دا.

لەماوەی ئەو دە ڕۆژەدا کە ڕژیمی ئیسلامی لەژێرناوی دەیەی فەجر جێژنی بۆ دەگرێت، بە شایەدیی بەڵگە مێژووییە حاشاهەڵنەگرەکان، خومەینی بەردەوام خەڵکی لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین دەسڵەماندەوە و هاواری پەیڕەوانی کە دەیانگوت "هێشتا ئاغا فەرمانی جهادی نەداوە" لە هەموو شوێنێك بەرز ببۆوە. تەنیا کاتێك کە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین بوو بە ئەمری واقع، هەوڵیان دا تا بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەڵام خەڵك کە هەستیان بە مەترسیی زەوتکرانی شۆڕش کردبوو، بایەخیان بەم قسانە نەدەدا و بەمجۆرە هێرش بۆسەر ناوەندەکانی دەسەڵات کە لایەنگرانی خومەینی دەیانویست دەستنەخواردوو تەحویلی وەربگرن، دەستی پێکرد. ڕاپەڕینی ۲۲ی ڕێبەندان کە لووتکەی شۆڕشی ٥٧ بوو، بابەتی سەرکوتی شۆڕشی بۆ ڕژیمی بەدەسەڵات گەیشتوو لە ساڵانی دواییدا دژوارتر کردەوە. هەربۆیە سەرەنجام ئەرکی سەرکوتی شۆڕش کە ڕژیمی شا نەیتوانیبوو بەسەرەنجامی بگەیەنێت، ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٦٠دا کۆتایی پێهێنا.

لە ساڵی ۱۳۵۷دا جەماوەری خەڵك لە ئێران بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و وەدی هاتنی ژیانێکی باشتر و ئینسانی دژبە ڕژیمی شا ڕاپەڕیبوون و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی یەك ساڵدا سەرتاسەری ئێرانی داگرت. لە ماوەی مانگەکانی پاییزی هەمان ساڵدا بوو کە بێتوانایی ڕژیمی شا لە کۆنترۆڵ کردنی بارووددۆخەکە بۆ دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕوون ببۆوە. ئەوان دوای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی ڕۆژانەی باڵوێزەکانی ئەمریکا و ئینگلیس کە لە تارانەوە ڕاستەوخۆ چاودێری بارووددۆخەکەیان دەکرد، بەوە گەیشتن کە چیتر پشتیوانی لە شا سوودبەخش نییە و لەوانەیە بارووددۆخەکە بەرەو خاڵێکی بێگەڕانەوە ببات و هەر وەك ئەفغانستان، ئێرانیش بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە.

دەوڵەتی ئەمریکا و هاپەیمانانی ڕۆژئاوایی بە توانای نەتەوەخوازە لیبڕاڵەکان کە لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیمی شادا بوون، بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارووددۆخەکە متمانەیان نەبوو. دەسەڵاتە گەورەکانی ڕۆژاوا، پێویستیان بە سەنگەربەندییەکی نوێ بوو لە بەرامبەر مەترسیی چوونەدەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی پشتێنی ئەمنییەتییەك کە پێشتر بەدەوری شۆرەویدا دروستیان کردبوو. دەوڵەتی ئەمریکا هەر لە زووەوە، بەلەبەرچاوگرتنی بواری ماددی و بیر و بۆچوونەکانی ڕەوتی ئیسلامی ئوپۆزسیۆنی شا، توانا و لێهاتوویی گونجاوی ئەو ڕەوتەی بۆ بوون بە قەڵایەکی دژە کۆمۆنیستی دەبینی. هەر بۆیە راوێژکارە ئەمریکاییەکانی شا و دەربار بە بەردەوامی، "شا"یان بە گرتنەبەری ڕێوشوێن و هەڵسووکەوتی نەرم ونیانتر لە بەرامبەر ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە هان دەدا و هەڵبەت "شا"ش ڕێنوێنیەکانی ئەوانی ڕەچاو دەکرد.

بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە کتێبەکانی عەلی شەریعەتی بە هەزاران نوسخە چاپ و بە ئاشکرا بڵاو دەکرانەوە و ناوەندی فەرهەنگی حوسەینیەی ئیرشاد لە تاران بە ئیمکاناتێکی فراوان و چاپخانەی پێشکەوتووەوە لە خزمەت ئەو و هاوفیکرەکانیدا بوو و هەروەها گۆڤاری مەکتەبی ئیسلام لە شاری قۆم بە ئاشکرا چاپ و بڵاو دەکرایەوە، هەڵسووڕاوانی چەپ تەنها بە هۆی هەبوونی نامیلکەیەکی مارکسیستی دەبوایە ساڵانێك حەبس و زیندانی درێژماوەیان تەحەمول کردبایە.



بە درێژایی شەڕی سارد، هەروەك سەردەمی ئێستا، دەوڵەتی ئەمریکا وەك سیاسەتێکی دیاریکراو، نە تەنیا دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی خۆی لە ڕووخان و هەرەسهێنان دەپاراست، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا دەیویست نیونیگایەکیشی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو رژیمانەوە بێت و هاوپەیمانانی داهاتووی خۆی، لە ناویاندا بدۆزێتەوە و دەست نیشانیان بکات. چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بە دەستەوەن کە دەریدەخەن، ئەمریکا لە ڕێگای جۆراجۆرەوە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسانی ناو ئوپۆزیسیۆنی ئێران پەیوەندیی هەبووە کە دواتر لە حکوومەتی نوێی ئیسلامیدا ئەو کەسانە پۆست و مەقامی گرینگیان وەرگرتووە. بۆ نموونە پاش چوونی خومەینی بۆ پاریس، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێوەکرد و هێندێك قەرار و بەڵێنیان لە یەکتر وەرگرت. سەرەنج و بایەخ دان بە توانای ڕەوتی ئیسلامی وەك سەنگەرێك لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەت تەنیا تایبەت بە ئێران نەبوو. بۆ نموونە دەوڵەتی ئەمریکا پاش ڕووخانی دەوڵەتی "زاهیرشا" لە ئەفغانستان، وەها سیاسەتێکی گرتەبەر و حیسابی لەسەر نەیارانی

ئیسلامی رژیمی کابوڵ کردەوە. لافاوی پارە و چەکی ئەمریکایی لە ڕێگەی پاکستانەوە، حەرەکەتی ئیسلامی لە ئەفغانستان بەهێز کرد و سەرەنجام بەدەسەڵاتی گەیاند و تاڵەبان و ئەلقاعیدەی ئەمڕۆ منداڵانی یاخی و سەرکێشی هەر ئەم سیاسەتەن. سەبارەت بە ئێرانیش هەم دەوڵەتی ئەمریکا و هەم هاوپەیمانانی ڕۆژاوایی بەوە گەیشتبوون کە رژیمی ئیسلامی بۆ سەنگەرگرتن لە بەرامبەر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا، گەلێک پۆتانسیەلی بەرچاو و سەرەنجڕاکێشی هەیە.

لە وەها هەلومەرجێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئۆرووپاییەکانی لە کۆنفرانسی (گوادولۆپ)دا رژیمی شا و داهاتووی ئێرانیان تاوتوێ کرد. ئەوان لە لایەکەوە تێکڕا بەوە گەیشتن کە چیتر پێویست ناکات پشتگیری رژیمی شا و دەربار بکەن و لە لایەکی ترەوە بڕیاریاندا پێداویستییەکانی کۆنترۆڵی شۆڕش، بۆ رەوتی ئیسلامی دابین بکەن. لە راستیدا کۆنفرانسی "گوادولۆپ" چارەنووسی رژیمی شای دەستنیشان کرد و هەوڵ و چالاکییەکانی وڵاتە رۆژاواییەکانی بۆ دانانی خومەینی لە جیاتی شا، هاوئاهەنگ کرد. پاش ئەو بڕیار و ڕێکەوتنانە، ئەرتەش رایگەیاند کە، بێلایەنە و ماشێنی تەبلیغاتی ڕۆژئاوا بەقازانجی رەوتی ئیسلامی کەوتنە کار. ئەوان لەو کاتەدا بە باشی دەیانزانی کە دەوڵەتی "شاپووری بەختییار" توانایی کونترۆڵی شۆڕش و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی رۆژاوای، لە بەرامبەر مەترسی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا نییە. دەوڵەتی بەختیار وەک دەرفەتێک سەیری دەکرا تا لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەودا مەجالی ئەوەیان هەبێت کە لەگەڵ رەوتی ئیسلامی بە ڕێکەوتن بگەن.

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا نیگەرانی ئەوە بوون کە دەخاڵەتگەریی چاوەڕوان نەکراوی ئەرتەش باروودۆخەکە لە کۆنترۆڵ بەرێتە دەر و ئێران تووشی ناسەقامگیرییەکی درێژماوە بکات. لە روانگەی ئەوانەوە وەها بارودۆخێک، سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی کە ئێران بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە "هایزر" وەک ژێنێراڵێکی بەئەزموون کە نفووزێکی زۆری لەناو فەرماندە باڵاکانی ئەرتەشی شادا هەبوو و لە هەمان حاڵیشدا سیاسەتمەدارێکی کارامە بوو، بە ئامانجی ڕێگریی ئەرتەش لە هەرجۆرە کردەوەیەکی کودتاچییانە و بۆ ئامادەکردنی ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی رەوانەی ئێران کرا. مەسەلەی ئەساسی ئەوە بوو کە ئەرتەش دەبوایە ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکانی خۆش کردبایە تا ئەوانیش بتوانن لەڕێگەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، شەپۆلە سەرکەشەکانی شۆڕش کۆنترۆڵ بکەن.

ئامانجی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەر لە هەموو شتێک کۆنترۆڵکردنی شۆڕشی ئێران بوو. بۆ وەدی هاتنی ئەم ئامانجەیان دەبوایە خومەینی وەک ئاڵتێرناتیوی رژیمی شا، دەرخواردی بیروڕای گشتی بدەن. خومەینی کە لە سەرەتادا بڕیار بوو دوای دوورخستنەوەی لە عێراق، لە کوەیت یان سووریە نیشتەجێ بێت، بە وەرگرتنی رای راوێژکارەکانی، بەرەو پاریس ڕێکەوت. پاش نیشتەجێ بوونی خومەینی لە (نووفل لۆشاتۆ)، دەزگا راگەیاندنەکانی رۆژئاوا بەگشتی و بە تایبەتی بەشە فارسییەکانیان بۆ ئەو تەرخان کران. لە حاڵێکدا کە هێزە چەپەکان لە ناوەوەی ئێران بەکەمترین ئیمکاناتەوە، نوسخەی پۆلی کۆپی کراوی راگەیەندراوەکانی خۆیان لە ئاستێکی سنوورداردا بڵاودەکردەوە، هەموو شەوێک بەشی فارسی رادیۆی "بی بی سی" فەرمانەکانی خومەینیی لە سەرتاسەری ئێران لە جاڕ دەدا.

بە رووخانی شا، خومەینی ئامانجەکەی وەدی هاتبوو، کەوابوو دەبوایە مەشخەڵەکانی شۆڕش خامۆش بکات. بەڵام وەدی هاتنی ئەم ئامانجەش ئامرازی تایبەت بەخۆی پێویست بوو. خومەینی، ستراتێژیی خۆی بۆ خامۆش کردنی



مەشخەڵەکانی شۆڕش، هەنگاو بە هەنگاو بەکردەوە دەرهێنا. فریوکاری خومەینی و پەردەپۆشی نیازی راستەقینەی لە بیروڕای گشتی کۆمەڵگا، ئەو دەرفەتەی پێدا تا خۆی بۆ سەرکوتی نیهایی و یەکجاریی شۆڕش ئامادە بکات. پێکهێنانی کوڵ وکۆی درۆیین بۆ بزواندنی بیر و هەستی جەماوەر کە نموونە دیارەکانی بریتی بوون لە داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و ماجەرای بارمتەگیری ٤٤٤ ڕۆژەی دیپلۆماتەکان و وتنەوەی درووشمی دژە ئەمریکایی بە مەبەستی ئامادە کردنی سەرەتاکانی سەرکوتی خوێناوی ئەو خەباتکارانەی کە پەیگیری ئامانجی راستەقینەی شۆڕش بوون، نومایشی "موستەزعەف پەنایی" و سادە ژیانی شەخسی، خۆشباوەڕی درووست کردن لە بوار بڵاوکردنەوەی عادڵانەی سەروەت لەناو جەماوەری خەڵکدا، ڕۆیشتن بەرەوپیری شەڕ لەگەڵ عێراق بۆ راگرتنی کەش و هەوای کۆمەڵ لە حاڵەتی ئامادەباش و نائارامی دایمی، هێرش بۆسەر زانکۆکان و داخستنیان لەژێرناوی "ئینقلابی فەرهەنگی"، هەموو ئەوانە نموونە گەلێکن لە فریوکاریی خومەینی بۆ گەیشتن بە ئامانجی ستراتێژیکی خامۆش کردنی مەشخەڵی شۆڕش. بەمجۆرە بوو کە دژە شۆڕشی ئیسلامی، دەرفەتی ئەوەی بەدەستهێنا تا بە بەردەوامی گورزی خۆی ئاراستەی شۆڕشی ساوای ئێران بکات و سەرەنجام لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٠٦دا بە بەکارهێنانی وەحشیانەترین و بەرینترین سەرکوت، هەرەس بەم شۆڕشە بێنێت، تا بۆ ماوەی ٤٤ ساڵ بتوانێ ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵوەگەڕی ئەم ڕۆژە شکۆدارە، ریاکارانە بەناوی خۆیەوە زەوت بکات.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە و جەنایەتکارانەیدا هەوڵی داوە تا مێژووی گیانفیدایی شۆڕشگێرانی سەردەمی شۆڕشی ٥٧ بەناوی خۆیەوە جەعل بکات. ئەم رژیمە لە هەموو ئەو ئامرازانەی کە لە ئیختیاریدا بووە کەڵکی وەرگرتووە تا لە زەینی لاوانی ژێر سی ساڵی ئەم دەورەیەدا، وای نیشان بدات کە گۆیا کارگێڕانی ئەم رژیمە و ئیمامانی میراتگرانی راستەقینەی راپەڕین و شۆڕشی جەماوەرن. بەڵام ٤٤ ساڵ ژیان لەژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی، کرێکاران و زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتەی هێندە بە ئەزموون کردووە کە ئیتر هیچ کەس بایەخ بەمجۆرە تەبلیغاتە بێناوەرۆکانە نادات. کۆمەڵگای ئێران بۆ رزگاری لە چنگ رژیمی ئیسلامی، ئەمڕۆ تینووی راپەڕینێکی دیکەیە. راپەڕینێک بە ئامانجی روونەوە کە لە هەنگاوی یەکەمدا دیکتاتۆریی ئیسلامی زاڵ بە هەموو دەسەڵاتی نیزامی و ئەمنییەتی و دەوڵەتییەوە تێک بشکێنێت و ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی راپەڕینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی وەدی بێنێت.

ئەمڕۆ خەڵکی ئێران دەزانن کە چییان دەوێت و چییان ناوێت. خەڵک ئازادی و یەکسانی و حورمەتی ئینسانییان دەوێت. ئەم خەڵکە لە هەژاری، برسییەتی، شەللاق، زیندان، ئێعدام، سەنگسار، خورافەی مەزهەبی و ئاخوند و پاسدار و بەسیجی بێزارن. ئەم جەماوەرە نایانهەوێ لە وەڵاتێکدا بەو هەمووە سەروەتەوە، لەژێر هێڵی هەژاریدا بژین. لەوە زیاتر نایانهەوێ بێ سەرپەنا بن و شەوە ساردەکانی زستان لە گۆشەی دیوارێک و لەناو کارتۆنێکی تەڕدا ڕۆژ بکەنەوە. نایانهەوێ منداڵەکانیان لەسەر شەقامەکان و لەسەر چوارڕاکان شووشەی ماشێنەکان خاوێن بکەنەوە و خەریکی واکس لێدان بن. نایانهەوێ کچانی کەم تەمەنیان ئاوارەی شەقامەکان بن و لەشیان هەڕاج بکەن. نایانهەوێ لاوانیان لە گۆشەی کەلاوەکان و لە پەنا شەقامەکان خومار و تێکشکاو خەفەت بخۆن. نایانهەوێ زیندانەکان پڕ بن لەو لاوانەی کە بۆ ئازادی و بەرابەری و دژبە دیکتاتۆری و زەبروزەنگ دەنگیان هەڵبڕیوە. نایانهەوێ شوێنی ژیانیان ببێتە قوربانی سیاسەتی دژەژینگەی رژیمی کۆماری ئیسلامی.

ئەم خەڵکە نایانهەوێ هیچ نیشانەیەک لە هەڵاواردنی رەگەزی ببینن و ئینسانەکان بەپێی رەگەزیان لێک جیا بکرێنەوە و پلەبەندی بکرێن. نایانهەوێ هەواڵی ئێعدامی کەسێک بەخاتری دەربڕینی بیروبۆچوون، باوەڕی ئایینی، خۆشەویستی و یان بە هەر هۆکارێکی دیکە ببیستن. ئەم خەڵکە نایانهەوێ هیچ ئاسەوارێک لە هەڵاواردن و ستەمی نەتەوایەتی بمێنێت. ئەم خەڵکە نایانهەوێ دین و مەزهەب، ببێتە پێوەری ژیانیان، وەهەم و خورافەی مەزهەبی لەسەر زەینی منداڵەکانیان قورسایی بکات و یاسا و حوکمی قەزایی لە دین و شەریعەت وەربگیرێت.

بزووتنەوەی ژینا نیشانی دا کە کۆمەڵگای ئێران پاش

تەحەمولی ٤٤ ساڵ ڕەنج و ئازار و بێبەشی و چەوسانەوە، لەئێستادا تینووی شۆڕشێکی دیکەیە. شۆڕشێك کە ئەمجارەیان کۆنترۆڵ نەکراو بێت. پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و ئاگری تووڕەییەکی پنگخواردوو کە هەر دەم گۆشەیەکی بڵێسە دەستێنێت، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مێژووییە کە بەڕێوەیە. ئاڵوگۆڕێك کە دەتوانێ گرێ کوێرەی ئێستای هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە. شۆڕشێك کە مزگێنیدەری ڕزگاریی ئەم کۆمەڵگایانە بێت لە چەوسانەوە و ستەم و نابەرابەری. شۆڕشێك کە چینی کرێکار رابەییەکەی بەدەستەوە بگرێت و هەموو دەرد ومەینەتییەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە ژیانی خەڵك ڕاماڵێت

لە ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا، یادی هەموو گیان بەختکردووانێك کە بوێرانە لە بەرامبەر هێزی سەرکوتگەری شادا سینگیان کردە قەڵغان و بە گیانفیداییی خۆیان ڕژیمی پاشایەتییان خستە زبڵدانی مێژووەوە بەرز ڕادەگرین. سڵاو و درووود دەنێرین بۆ ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و سەربەستانەی کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژبە ڕژیمی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی گیانیان بەختکرد

❊❊❊

## پێویستیی سیاسی و چینایەتی پێکهێنانی سندووقەکانی هاوپشتی کرێکاری

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژیناش هەروەک ئاخێزە شۆڕشگیرانەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ لە جەرگەی پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتی ئابووری و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکاندا هێزێکی تازەی بە بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران بەخشیوە و مەیلی دەروونی کرێکارانی بۆ خەبات پەرەپێداوە. بەڵام بەهۆکاری ئەو بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگای خەباتی چینی کرێکاردایە هێشتا کرێکاران نەیانتوانیوە بە مانگرتنی هاوکات، یەکگرتووانە و سەرتاسەری لە دامەزراوە و ناوەندە سەنعەتییە سەرەکییەکان ماشێنی سەرکوتی پێکهاتەی سیاسی و چینایەتیی دەسەڵاتدار زەمینگیر بکات و پێداویستییەکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

بێگومان ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری لە پێویستی سیاسی و چینایەتی هاتنە مەیدانی یەکگرتووانەی چینی کرێکار لەئاستی سەرتاسەری ئاگادارن. بەڵام سەرکوتی بەرین، هەڕەشەی دەرکردن، هەژاری و بێکاریی بێوێنە و نیگەرانی لە ئاکامەکانی مانگرتن لەسەر ژیانی بنەماڵە کرێکارییەکان، پەرەسەندنی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و قەراردی کاتی و سپی ئیمزا و نائەمن بوونی پیشە، نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، پێکنەهاتنی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێزی سۆسیالیستی کە کرێکاران بۆ سەرکەوتن پێی ئومێدەوار بن، لە زومرەی ئەو بەربەستانەن کە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری بۆ ڕێکخستنی مانگرتن و هێنانە مەیدانی کرێکاران لەگەڵی بەرەوڕوون. لە حاڵێکدا کە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری یەکجار بەرینە و هێڵی هەژاری نزیک بە ۰۳ ملیۆن تمەن لە مانگدایە، تەنانەت بەشێک لە هێزە بورژواییەکانیش بە کەڵک وەرگرتن لەم هەژارییە بێوێنەیە بۆ بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی کرێکاری داوا لە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی دەکەن کە بۆ پشتیوانی لە بنەماڵەی کرێکارانی مانگرتوو سندووقی پشتیوانی پێک بێنن. هەڵبەت ڕێبەرە بەئەزموونەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دەزانن کە پلانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆ دروستکردنی سندووقی پشتیوانی بە هاوکاری زلهێزە سەرمایەدارەکان هاوشێوەی لێدانی ژەهر لە جەستەی بزووتنەوەی کرێکارییە و بەدژی ئەم هەوڵانە دەوەستنەوە.

سەرەڕای ئەمانە، واقعییەت ئەوەیە کە لە بارودۆخی ئێستادا یەکێک لە بەربەستە جیددییەکانی سەر ڕێگای هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری بۆ سازماندانی مانگرتن، گرانی بەرین و هەژاری و فەلاکەتی ئابوورییە. کاتێك کە کرێکاران لە ناڕەزایەتی و خەبات دژبەم بارووددۆخە دەست دەدەنە مانگرتن، کێشە و گرفتیماڵی، وەك ئامرازێکی گوشار، ناچاریان دەکات کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن. بنەماڵەی کرێکارانێك کە لەو خەباتەدا دەستبەسەر دەکرێن، دەکەونە بارووددۆخێکی نالەباری ماڵییەوە. سەرجەم ئەم کێشانە



کاتێك بەرۆکی کرێکاران دەگرن کە کرێکاران لەگەڵ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاو بەرەوڕوو دەبنەوە. لەم کاتانەدا و یان لەم ڕۆژانەدا کە بنەماڵە کرێکارییەکان لەگەڵ مەترسی دەرکردن لە کار بەرەوڕوون، پێویستە کرێکاران یارمەتیدەری یەکتر بن و لەوەش گرینگتر، یارمەتیدان لە بواری ماڵییەوە لە ڕێگەی پێکهێنانی سندووقەکانی کرێکارییەوە، ڕێکبخەن.

ئەم سندووقە ماڵییانە دەتوانن بە هیمەت و هەوڵ و پەیگیریی کرێکاران پێك بێن، لەلایەن خۆیانەوە بەڕێوە ببردرێت و بەرپرسی ئەم سندووقانە، بە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ئەندامان هەڵبژێردرێت و گشت کرێکارانیش بتوانن تێیدا ئەندام بن. ئەم سندووقانە سەربە بەڕێوەبەر و خاوەنکار و ناوەندە دەوڵەتییەکان نین و پاشکەوتی ئەم سندووقانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی حەقی ئەندامیەتی ئەندامانەوە دابین دەکرێت. ئەم سندووقانە بەشێوەی ئاسایی و بە نۆرە، بە ئەندامانی خۆیان وام دەدەن و لە کاتی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاوی وەك نەخۆشی و ڕووداوەکانی شوێنی کار یان دەستبەسەرکران لە جەرەیانی مانگرتنەکان، دەستبەجێ وامی زەروورییان پێدەدەن. ئەوەیکە وامی زەrووری چ کەسانێك دەگرێتەوە و بڕی ئەو وامە چەندەیە و چۆن بە شێوەی قیستی دەدرێتەوە و شێوازی بەڕێوەبردنی سندووق چۆنە، لە ئەساسنامەی سندووقدا دیاری دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە.

سەندووقی کرێکاری عەلەنی، پێویستە پێداویستی ماڵیی ئەندامان، لە چوارچێوەی ئیمکانات و یاساکانی خۆیدا دابین بکات و ئەساسەن هۆکاری سەرەکی ئەندام بوونی جەماوەری کرێکار لەو سندووقانەشدا، هەر ئەوەیە. جەماوەری کرێکار لە ڕێگەی ئەندامییەتی لەو سندووقانەدا دەتوانن کێشەکانی خۆیان لە ڕێگەی هاوکاری و یارمەتی گەیاندن بە هاوچینەکانیان، چارەسەر بکەن. کرێکاران فێر دەبن کە ئەو کێشانەی کە بەشێوەی تاکەکەسی بۆیان چارەسەر نابێ، دەتوانن بە یەکگرتوویی و هاوپشتی چارەسەری بکەن. پێکهێنانی ئەم سندووقە عەلەنییانە دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێز بوونی ڕووحیەی ڕێکخستن لەناو کرێکاراندا و شێوازی دیمۆکراتیکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراو فێری کرێکاران دەکات و بێگومان هەمووی ئەوانەش لە گرەوی چالاکی بەردەوامی کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکاری ئەو سندووقانە دایە. چالاکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە بە چالاکی خۆیان لەناو ئەندامانی ئەو سندووقانەدا، ڕووحیەی ڕێکخستن، هاوپشتیی چینایەتی و مایە دانان لە بەرژەوەندی تاکەکەسی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، بەهێز بکەن.

سەرچاوە ماڵییەکانی ئەم سندووقانە، دەتوانێ و دەبێ ڕاستەوخۆ، لە پێناو یارمەتی گەیاندن بە چارەسەر کردنی کێشەی ماڵی کرێکاران و خزمەت بە خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی چینی کرێکار، بەگشتی، بەکار بهێندرێن. بۆ نموونە، یارمەتی بنەماڵەی کرێکارانی بەندکراو، یارمەتی سندووقی مانگرتنی کارخانەی خۆیان و باقی کارخانەکانی دیکە بدەن.

بەڵام پێویستە ئاگادار بین کە ڕژیمی ئیسلامی لە بەرامبەر پێکهێنانی ئەم جۆرە سندووقانەدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەربەست دروست دەکات. لەو جێگایەدا کە سندووقەکان بە هیمەتی و هەوڵی کرێکاران و بەپێچەوانەی ئیرادە و مەیلی ڕژیمی ئیسلامی پێکهاتوون، ڕژیم هەوڵ دەدات تا لە ڕێگەی دەست و پەیوەندەکانی، لە چالاکی ئەو سندووقانە ڕێگری بکات. کەوابوو لە لایەکەوە، نەبوونی وشیاری ئەندامانی ئەم سندووقانە لە پتەو کردنی ئامانجی پێکهێنانیان لە پێناو یارمەتی گەیاندن بە خەباتی چینی کرێکار و لە لایەکی دیکەوە، گوشارەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر سندووقەکان، کۆسپی جیددین لەسەر ڕێگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سندووقە کرێکارییەکاندا. پێویستە بە چالاکی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری، لەپێناو بردنەسەرەوەی وشیاری ئەندامانی ئەم سندووقانە، بە هەوڵ دان بۆ هێنانە مەیدانی هەرچی زیاتری کرێکاران بۆ ئەندام بوون لەناو

ئەم سندووقانە و هەروەها بە جێخستنی سندووقی ماڵی وەک سوونەتێکی پایەدار لەناو چینی کرێکار، ئەم کۆسپ و بەربەستانە چارەسەر بکرێن. لە بارودۆخی ئێستادا و بەلەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزی نێوان ڕژێمی ئیسلامی و بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها بە سەرەنجدان بە لێهاتوویی و ئەزموونی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری، لەپێناو پێشخستنی چالاکی ئاشکرادا، ئەو ئیمکانە هەیە کە سندووقەکانی هاوپشتیی کرێکاری بەشێوەی عەلەنی پێک بێن و بەسەر ڕژێمدا بسەپێندرێن.

❊❊❊

## ئاسۆی ناروونی کۆتایی شەڕی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین

لەحاڵێکدا کە شەڕ و جینوسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە پێی ناوەتە پێنجەمین مانگەوە، پێشنیارگەلێک بە ئامانجی کەمکردنەوەی فشاری بیروڕای گشتی لەلایەن هێندێک لە دەوڵەتەکانەوە دراوە. بۆ نموونە ڕۆژی ٢٨ی مانگی ژانویە کاربەدەستانی ئەمنیەتی ئەمریکا، ئیسرائیل، میسر بە بەشداریی سەرۆک وەزیرانی قەتەر لە کۆبوونەوەیەکدا لە پاریس گەڵاڵەیەکی دوو قۆناغییان بۆ ئاگربەستی کاتی هێنایە گۆڕێ. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە ئیسرائیل هێرشەکانی خۆی بۆسەر غەززە لە قۆناغێکی ٤٠ ڕۆژەدا ڕادەگرێت و لە بەرامبەردا حەماسیش ژمارەیەک لە دیلە ئیسرائیلییەکان ئازاد دەکات. لە قۆناغی دووهەمدا وردەکاریی ڕێکەوتن بۆ ئازادکردنی باقی دیلەکان لەبەرامبەر ئازادی فەلەستینییە بەندکراوەکان لە ئیسرائیل و فریاگوزاری و ناردنی خۆراک بۆ خەڵکی سیڤیل وتووێژی لەسەر دەکرێت.

لە وەڵام بەم گەڵاڵەیە کە زیاتر بە ئامانجی کەمکردنەوەی گوشاری خەڵکی ئیسرائیل و بیروڕای گشتی جیهان بۆسەر دەوڵەتی ئیسرائیل بوو، ڕۆژی سێشەممە ١٧ی ڕێبەندان حەماس گەڵاڵەیەکی بەدیلی سێ قۆناغی بۆ ئاگربەستێکی ١٣٥ ڕۆژە بەئامانجی دەربازکردنی خۆی پێشنیار کرد. کە بریتی بوو لە ئازادکردنی ١٣٠ دیلی ئیسرائیلی لە بەرابەر ئازادکردنی ١٥٠٠ بەندکراوی فەلەستینی، چوونەدەری دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، دەستپێکردنی نوژنکردنەوە و گۆڕینەوەی تەرمی کوژراوەکان. حەماس لەلایەکەوە ئەم گەڵاڵەیە پێشنیار دەکات و لەلایەکی دیکەوە ڕێبەرێکی حەماس ڕایگەیاندووە کە: "بە بێ کۆتایی یەکجاریی شەڕ و چوونەدەری کاملی ئیسرائیل لە غەززە، بارمتەکان ئازاد ناکرێن". لە وڵام بە گەڵاڵەی کۆبوونەوەی کاربەدەستانی ئەمنیەتی پاریس، ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی مانگی ڕێبەندان، نەتانیاهۆ لە کۆنفرانسێکی هەواڵنێریدا بەبێ ئاماژە بە ئاگربەست و کۆتایی شەڕ و کۆمەڵکوژی، وڵامی ڕەدی بەم گەڵاڵەیە دایەوە. ئەو وتی: "هەموو هەوڵەکانی ئێمە لەپێناو گەڕاندنەوەی بارمتەکانە. تەنها درێژەدان بە هێرشی نیزامی ڕێگای ئازادیی ئەوانە. بە بلینکێن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاشمان وتووە کە هێرشی نیزامی ئیسرائیل هەتا گەڕاندنەوەی هەموو دیلەکان و نابوودی یەکجاریی حەماس، نەک نیوەی یان بەشێکی، درێژەی دەبێت". بەمجۆرە دەوڵەتی فاشیستی نەتانیاهۆ، ژیان و حەیاتی دوو و نیو ملیۆن کەس لە خەڵکی بێدیفاع و ستەمدیدەی غەززەی خستووەتە بەردەم مەترسی مەرگ و نابوودییەوە.

دەوڵەتی ئیسرائیل لەماوەی زیاتر لە چوار مانگی ڕابردوو بە پشتیوانی ئەمریکا و بریتانیا و هێندێک لە دەوڵەتانی دیکە و لەبەر چاوی دنیادا زیاتر لە ٢٧ هەزار کەسی لە خەڵکی غەززە کوشتووە کە زیاتر لە یەک لەسەر سێیان منداڵ بوون. پتر لە٦٠ هەزار کەسی بریندار کردووە کە بە بێ دەرمان و ئیمکاناتی پزیشکی بەحاڵی خۆیان ڕەها کراون.



زیاتر لە ٦٠ لەسەدی خانووەکان و هەموو ژێرخانەکانی کەرتی غەززەی نابوود کردووە بەبێ ئەوەیکە تەنانەت دوای کۆتایی شەڕ بەرپرسایەتی نوژنکردنەوەیان وەئەستۆ بگرێت. فەرمانی چۆڵکردنی ئەو ناوچانەی بۆ بۆمباران داوە کە نزیک بە دوو ملیۆن کەس تێیدا دەژیان و ئەوانی بەبێ لە ئیختیارنانی هیچ جۆرە ئیمکاناتێکی ژیان لەوانە سەرپەنا و خۆرد و خۆراک لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کۆچ پێکردوون. لەئێستادا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لەم جەمعیەتەی لە نزیک سنووری میسر لە شاری چکۆلەی ٢٠٠ هەزار کەسی "ڕەفەح" پەستاوتووە و لەژێرناوی ڕاوکردنی کەسانی سەربە حەماس بێشەرمانە دەیهەوێ ئەوێش بۆمباران بکات و هێرشی بکاتە سەر. سەرەڕای هەموو ئەم کوشتار و جەنایەتە هەتا ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل نەیتوانیوە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی واتە ئازادکردنی دیلەکان و نابوودی حەماس دەستەبەر بکات.

لەم ماوەیەدا دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و ڕاستگەرای ئیسرائیل لەلایەن کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز و پێشڕەو لە ئیسرائیل و لەئاستی جیهان و هەروەها لەلایەن بنەماڵەی بارمتەکانەوە بەتوندی خراوەتە ژێر گوشارەوە. بەڵام ئەوەیکە نەتانیاهۆ وڵامی ڕەت بە پێشنیاری کۆتایی جەنگ لە غەززە دەدات، بەر لەوەیکە پەیوەندی بەو بابەتەوە بێت کە خۆی دەیڵێت، واتە ڕێگری لە دووپات بوونەوەی هێرشی گرووپی تیرۆریستی حەماس بۆسەر خەڵکی ئیسرائیل، بەخاتری پاراستنی پێگە و بەرژەوەندی شەخسی خۆیەتی. ئەم جەنایەتکارە دەزانێ کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕ و نەسلکوژی لە غەززە، نەتەنها تەمەنی سیاسی خۆی کۆتایی دێ بەڵکوو لەگەڵ کەوتنە جەریانی پەروەندەی گەندەڵی و جەنایەتەکانی، دەکەوێتە پێگەی تاوانبارەوە و چارەنووسی "ئێهود ئۆلمێرت" سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیلی بەسەر دێت. لەلایەکی دیکەوە شەڕت و مەرجەکانی ڕێبەرانی ڕەوتی کۆنەپەرستی حەماس بۆ ئاگربەستیش لەپێناو پاراستن و درێژەدانی دەسەڵاتی داسەپاو و نگریسیان بەسەر خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستن لە غەززەیە. ١٨ساڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی حەماس بەسەر خەڵکی غەززە و داسەپاندنی یاسای سەدەکانی ناوەڕاست و پەرەپێدانی کلتوور و خورافەی ئایینی بەتایبەت لە خوێندنگاکان، دواکەوتوویی کۆمەڵگا و هەژاری و برسیەتی زیاتری خەڵکی غەززەی لێکەوتووەتەوە. تا ئەو جێیەی کە ئەگەر ١٨ ساڵ لەمەوبەر خەڵک لە ڕووی خۆشباوەڕییەوە و بۆ نەجاتی خۆیان دەنگیان بەم گرووپە ئیسلامییە دەدا، لەئێستادا زۆربەی خەڵکی غەززە حەماس بە یەکێک هۆکارە سەرەکییەکانی هەژاری و برسیەتی، کوشتار و وێرانی و دواکەوتوویی دەزانن. تا بەر لەم شەڕە جەنایەتکارانەیە، ڕۆژانە هەزاران کەس لە کرێکارانی غەززە لە ڕووی ناچارییەوە و بۆ پەیداکردنی کار و دابینکردنی هەزینەی ژیانیان ڕوویان دەکردە ئیسرائیل و بە حەقدەستی زۆر کەمەوە هێزی کاری خۆیان دەفرۆشت. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە زۆربەی ڕێبەران و بەرپرسانی حەماس لە قەتەر و سووریە و لوبنان بوونەتە سەرمایەدارانێکی گەندەڵ کە ژیانێکی یەکجار خۆشگوزەران و ئەشرافییان هەیە.

لەو نێوەدا نابێ ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە پێکهێنانی گرژی و بەرپاکردنی ئەم شەڕە جەنایەتکارانەیە لەبیربچێتەوە. ڕژێمی ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە کە بە دروشمی کۆنەپەرستانەی وەک "ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ" و "ئیسرائیل غوددەی سەرەتانییە و دەبێ لەناوبچێت" و بە پێکهێنانی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان کە پێیان دەڵێ "میحوەری موقاوەمەت" و بە تەرخانکردنی سەدان ملیارد دۆلار لە بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکارانی ئێران، بەردەوام هۆکارێکی سەرەکی گرژی و نائەمنی و شەڕ لە ناوچەکە بووە. ئەم ڕژێمە تاوانکارە بێجگەلە دروشم و شانتاژی بێ بنەما، نەتەنها نەیتوانیوە کارێک بەقازانجی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین ئەنجام بدات بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە دووپاتکردنەوەی درۆ و دەلەسەی وەک ئەوەیکە "کۆماری ئیسلامی لە هێرشە نیزامییەکانی حەماس، حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق و سووریە نەخشی نییە و کاریگەری لەسەر ئەو گرووپانە نییە کە لە ناوچەکەدا هێرش دەکەنە سەر ئەمریکا و ئیسرائیل" دەیهەوێ پاکانە بۆخۆی بکات و لەگەڵ ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوا دەست بکا بە سازان و موعامەلە.

لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکەدا تەنها ڕێگای کۆتایی هێنان بە شەڕ و خوێنڕشتن لە غەززە و لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری ئەردۆن، پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاوپشتی

لەگەڵ خەڵکی فەلەستین بەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆتایی هێنان بە داگیرکاریی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لە جەواری دەوڵەتی ئیسرائیلە. پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین دەتوانێ کۆتایی بە شەڕ و کوشتاری سەد ساڵەی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین بێنێت و دراوسێیەتی و پێکەوەژیانی ئەوان وەدی بێنێت.

❋❋❋

## ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە کام ڕێگەوە؟

ئەمڕۆ لە ئێران تەنانەت شرۆڤەکارانی حکوومەتیش ناتوانن حاشا لە بوونی بزووتنەوەیەکی چەپی کۆمەڵایەتیی بەهێز بکەن. ئەم ڕەوتە بەشێک لە بزووتنەوەکان و هێزی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئاڵای داخوازیی کرێکارانیان هەڵکردووە و لە ڕێکخستن و ڕێبەری ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاریدا دەورونەخش بەرچاویان هەیە، داهێنەری پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە ناوەندە سەنعەتی و کرێکارییەکان و بیری ڕێکخستنی شۆرایی دەبەنە ناو کرێکارانەوە، پێگەیەکی تایبەتیان لەم ڕیزبەندییەدا هەیە. ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە ئەو بەشە لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لەخۆدەگرێت کە لە بەرامبەر فێمێنیسمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و فێمێنیسمی نیۆلیبراڵدا ئاڵای ڕزگاری ژنانیان بە ئاسۆی دژەسەرمایەدارییەوە بەرز کردووەتەوە. ئەو ژنە خەباتکارانەی کە بە بەشداریی خۆیان لە پێشەوەی خەباتی مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران، پەرستاران و لەناو ڕیزی خەباتی کرێکاران و بە خۆڕاگریی بەرین لەبەرامبەر سیاسەت و یاسای دژی ژن، ئاسۆی ڕزگاری ژن لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەدارییان بەرەوڕووی کۆمەڵگا کردووەتەوە. ئەم ڕەوتە چەپە کۆمەڵایەتییە، هەروەها ئاراستەی سۆسیالیستیی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری لەخۆدەگرێت کە بەرامبەربە ئاراستەی نیۆلیبراڵیی بورژوایی ئێران و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ئاڵای یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی هەڵکردووە. ئەو خانەنشینانەی کە بە گەلاڵەکردنی ڕادیکاڵی داخوازییە ڕەواکانیان یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتییان لە مێژووی خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا تۆمار کردووە. ئەو بەشە لە نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان لەخۆدەگرێت کە بەرەنگاری کلتوور و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار بوونەتەوە و لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاعیان کردووە. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە لە کوردستان ئاڵای خەبات و تەسلیم نەبوون بەرانبەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرنگاربوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستانی مەحەلی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەراسەری ئێرانیان بەرز کردووەتەوە. ئەم هێزە چەپ و ڕادیکاڵە ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە ساڵەکانی ڕابردوودا هەبووە. لە ئاخێزی جەماوەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨دا مۆری خۆی بەسەر ئەم بزووتنەوە سیاسییانەدا کوتا. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژی سەرمایەدارییە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی، بە دەورونەخش نواندنی هەر ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە دەستیپێکرد و هەروا لەئارادایە. ناوەرۆکی خواست و داخوازیی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە، درووشمی "نان، کار، ئازادی" پەیوەندی داوە.

لەلایەکی دیکەشەوە شایەدی چالاکیی حیزب، ڕێکخراو و هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێرانین. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی چالاکی ئەم هێزانە لەناو ئەم بزووتنەوەیە، دەتوانین لە بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و شەفافبوونی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەدا ببینین، بەڵام حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێستا سەرەڕای هەموو



پێشکەوتنەکانیان بەدەر لە چەند نموونەی تایبەت هێشتا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نییە. بە واتایەکی دیکە هێشتا بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی موتەحەزیب و ڕێکخراو پێک نەگەیشتوون.

کەموکوڕییەکی جیدیی ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و ئەو ناڕەزایەتی و ئاخێزانەی کە بە هەوڵ و دەخاڵەتی ئەم هێزە لەئارادایە، ئەو واقعیەتەیە کە ئەم حەرەکەتانە هێشتا لە بزووتنەوەیەکی واحیدی سیاسی بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ گۆڕینی وشیارانەی نیزامی سەرمایەداری تێکهەڵنەکێشراون. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرانسەری نییە. هەربۆیە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە هێشتا ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز لە مەیداندا نابینن کە بۆ ڕزگاری خۆیان پشتی پێببەستن. ئەگەرچی نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە لە دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا وەک کەموکوڕی نەدەبیندرا، بەڵام لەئێستادا و لەگەڵ تێپەڕینی زیاتر لە یەکساڵ لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە ئەم کەموکوڕییە لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت. جەماوەری بەرینی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نیگەرانن و وێنەیەکی ڕوونیان لەبەر دەستا نییە کە بەدیلی ئەم بارووDۆخە یەکجار قەیراناوی و شڵەژاوە دەتوانێ چی بێت. ئەوە ڕاستە کە لە کێشمەکێشی ئاڵتێرناتیڤەکاندا، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بەهۆکاری بێگانەبوونیان لەگەڵ خواستی ئابووری و ئازادیخوازانە کە لە ناو بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدا دێتە گۆڕێ، بەهۆی نامۆبوونیان لەگەڵ داخوازیی نان، کار، ئازادی، نفووزێکی بەرچاویان لەناو جەماوەری ناڕازیدا نییە. بەڵام لە نەبوونی هێژمۆنی چینی کرێکار بە ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی، لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی سۆسیالیستی بەهێز، بەردەوام ئەو مەترسییە لەئارادایە کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ببێتە خۆراکی شەپۆلی تەبلیغاتی ناسیۆنالیستی و مەزنخوازانەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوایی لایەنگری ڕۆژاوا و هێزیان بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی چینایەتیی و بەدەسەڵات گەیشتنی دیکتاتۆرییەکی غەیرەدینی.

سەبارەت بە پڕۆسەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی پێویستە تەئکید بکرێت کە لە بارووDۆخی ئێستای ئێراندا درێژە و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و تێکەڵ بوونی خواستی ئابووری و خواستی سیاسی و لەدرێژەدا بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتیی سیاسی کە ماشێنی سەرکوتی ڕژیم زەمینگیر بکات، ڕەوتی چاوەڕوانکراوی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە لەپێناو ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە مانگرتنی سەرانسەری کرێکاران کە ستوونی سەرەکی مانگرتنی گشتیی سیاسییە، ناتوانێ ئاکامی حەرەکەتێکی خۆڕسک بێت. بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستی ئەم بزووتنەوە چینایەتییە، لە بارووDۆخی ئێستادا پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن، دروستکردنی کۆمیتەی کارخانە و پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان یەکجار گرینگ بووەتەوە. ژنان کە ڕۆڵی پێشەنگیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بینیوە و بنەمای هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون تائێستا بەشێکی چکۆلە لە هێزی خۆیان هێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە. پێویستە بە کاری وشیاریدەرانە و ڕێکخراو بەرەی مەزنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بێنە مەیدانی نەبەردەوە. ناوەند و ڕێکخراوەکانی خوێندکاریی چەپ و ڕادیکاڵ کە لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئێراندا پێکهاتوون پێویستە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەهێز بکەن و بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و ستراتێژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەی خۆیان بەجێ بێنن. تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ لە گەڕەکی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران پێویستە پەیوەند و پایەی جەماوەریی خۆیان پەرە پێبدەن و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی ئاخێزی سەرانسەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە بواری تاکتیکیشەوە شێوازی جەماوەریکردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی شەقام فێربن. پێویستە فێری ئەوە بین کە چۆن تاکتیکەکانی هێزی سەرکوتی ڕژیم بۆ ڕێگری لە جەماوەری کردنەوەی ناڕەزایەتییەکان پووچەڵ بکەینەوە و فێربین کە چۆن ئەو تاکتیکانەی کە ئامانجیان زەربەلێدان لە جەماوەری بوونەوەی ناڕەزایەتییەکانە، دووری بکەین. ناڕەزایەتی شەقام بەشێکی

جیانەکراو لە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی سەرەتایی خەڵکە و پێویستە هەر ئەم باوەڕە سادەیە لە ناو جەماوەری خەڵکدا پەرەی پێبدرێت و بەهێز بکرێت. بارودۆخی ئێستا لە هەموو نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان کە بەرەنگاری کلتوور، سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی چینی دەسەڵات بوونەتەوە و لە بەرژەوەند و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاع دەکەن دەخوازێت کە ڕێکخراوتر لە ڕابردوو هەنگاو هەڵگرن. سازماندان کلیلی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامیی سەرمایەدارانە.

لە هەلومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی کرێکاری دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران خوڵقاندووە تا بە گرینگی دان بەم بزووتنەوە واقعییە و بە هەوڵ و یارمەتی بۆ لابردنی کۆسپ و بەربەستەکان، بتوانن بەسەر ئەم جیاییەدا زاڵ بن و پێش مەرجەکانی پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سیاسیی سەرانسەری بە ستراتێژی سۆسیالیستییەوە فەراهەم بکەن. وڵامدانەوەی هاوبەشی چالاکان و ڕێبەرانی ئەو هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و چەپی موتەحەزیب بە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانەی ئێستا، کلیلی پێک¬گەیشتنی ئەم دوو بەشە چەپە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییەیە.

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان:

### تەبلیغاتی شەڕخوازانەی ئۆپۆزیسیۆنی لایەنگری ڕۆژئاوا مەحکوومە!

لەگەڵ هێرشی نیزامی گرووپە کۆنەپەرستەکان و هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ناوەندە نیزامییەکانی ئەمریکا لە ئۆردۆن و کوژرانی چەند سەرباز، گرژییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەیان سەندووە. ئەمریکا دەستبەجێ ڕایگەیاند کە ئەم کردەوەیە تەحەمول ناکات و ئەنجامدەرانی ئەم هێرشە سزا دەدات. کۆماری ئیسلامی و هێزە کۆنەپەرستەکانی سەر بە ڕژیم، دوای پەیامەکەی ئەمریکا دەستبەجێ پاشەکشەیان کرد. بەشێک لە فەرماندەکانی سپا لە یەمەن و سووریەش لەو ناوچانەی گرژی و ناکۆکییان لەسەرە چوونە دەرێ. لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا ئەمریکا و هاوپەیمانانی پێگە و بنکەی هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەمەن، سووریە و عێراقیان بە درۆن و ئەنواعی مووشەک بۆمباران کردووە. بەم حاڵەوە دەوڵەتانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی هەروەک ڕابردوو ڕایانگەیاندووە کە نایانهەوێ بکەونە ناو شەڕی نیزامی ڕاستەوخۆوە.

هاوکات بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بە واستەی "شرۆڤەکاران و کارناسان" و یان ڕێبەرانی خودخاندە، لە میدیاکانی بورژوازییەوە دەرکەوتوون و بێشەرمانە خوازیاری هێرشی نیزامی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆسەر ئێرانن. ئەوان بۆ پاساوکردنی ئەم سیاسەتە، هێرش بۆسەر "بەیتی ڕەهبەری" و یان ناوەندە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەنە چاشنی وتاری شەڕخوازانەیان. ئەم تەبلیغاتە لە بارودۆخێکدایە کە لە ڕابردوودا هێرشی نیزامی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەژێرناوی "نەزمی نوێی جیهانی" و بە نیقابی سدووری دیموکراسی بووەتە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس، لەناوچوونی ژێرخانەکانی کۆمەڵگا و هاتنە سەرکاری گرووپە ڕاست و کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی سیاسی لە ئەفغانستان، عێراق، لیبی و یەمەن. وە ئاکامێکی بێجگەلە پەراوێزخرانی داخوازیی دیموکراتیک و یەکسانیخوازی و بەدیلی شۆڕشگێڕانە و کرێکاری نەبووە. هێرشی نیزامی بۆسەر ناوەندە ئەتۆمییەکان دەتوانێ کارەساتێکی گەورەی ئینسانی و ژینگەیی لێبکەوێتەوە. بەهۆیەوە سەدان هەزار کەس بکوژرێن و ملیۆنها ئینسان بەرەوڕووی مەترسی تەندروستی ببنەوە و ژێرخانەکانی کۆمەڵگا وێران بێت. زۆرێک لەوانەی وا ئەم قسە بێ بنەمایانە دەکەن خۆیان لە ناوەندەکانی پەروەردەی ڕژیمی ئیسلامی دەرکراون.




پێویستە هەموو بانگەشەکارانی سیاسەتی هێرشی نیزامی لەبەردەم ڕای گشتیدا شەرمەزار و ڕیسوا بکرێن.

لەڕاستیدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدوای "نەزمی نوێی جیهانی" چووەتە قۆناغێکی تازە لە ئاڵوگۆڕی ژێئۆپۆلیتیکی جیهانی. لە وەها بارودۆخێکدا، ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان بۆ بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی پێگەی خۆیان لەم ناوچەیە هەوڵ دەدەن. کۆماری ئیسلامی کە بەرەوڕووی قەیرانی هەمەلایەنە بووەتەوە و نیگەرانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێرانە، فریوکارانە هەوڵ دەدات قەیرانەکانی خۆی بە دەخاڵەتگەری سیاسی و نیزامی لە ناوچەکەوە گرێ بدات. وە بە پاساوی بارودۆخی جەنگی و ئیدیعای دەسەڵاتی یەکەمبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاراستنی ئەمنیەت، لە هەوڵی ئەوەدایە پێگەی لاواز و تێکشکاوی خۆی لە ناوەوەی ئێران لەڕێگەی سەرکوت، زیندان و ئێعدامەوە نۆژن بکاتەوە. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو دروشم و ئیدیعاکانی بەدژی ئەمریکا و ئیسرائیل، سنوورەکانی مانۆڕی خۆی باش دەناسێ و بینیمان کە لە جەریانی قەتڵوعامی فەلەستینییەکان لەلایەن ئیسرائیل لە غەززە و تەنانەت کوژرانی بەکرێگیراوانی خۆی بێجگەلە هەڵیت و پڵیت و قسەی بێناوەرۆک هیچی تری لەدەست نەهات. ئەمریکاش لەئێستادا و لانیکەم لە سەردەمی بایدندا دەرگیری قەیرانی جۆراوجۆری ناوخۆیی و سیاسەتی ژێئۆپۆلیتیکی جیهانی و شەڕی ئۆکراینە و دوای شکستی سەرشۆڕانەی لە عێراق و ئەفغانستان بە نەزەر ناگات بیهەوێ بکەوێتە ناو شەڕێکی دیکە لەم ناوچەیە.

لەم بارودۆخە هەستیارە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەدا پێویستە هەرجۆرە نیزامیگەری و شەڕ لە ناوچەکە مەحکووم بکرێت و شەڕخوازان ڕیسوا بکرێن. شەڕ و میلیتاریزم بێجگەلە وێرانی و کوشتاری ئینسانەکان، بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازەکانیش دەخاتە پەراوێزەوە. هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، چالاکانی پێشڕەوی چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو مرۆڤێکی شەریف و پێشکەوتنخواز پێویستە بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە و چەوساوە و بۆ سەرهەڵدانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی بەهێزتر تێبکۆشێ و ڕێگای ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە بەدەستی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش هەموارتر بکات. تەنها حکوومەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دەوڵەتی کرێکاری – شۆراییە کە توانای خەباتی بەردەوام بەدژی سەرمایەداری و چەوسانەوە و بەدژی دیکتاتۆری و میلیتاریزیمی هەیە و دەتوانێ کۆتایی بە هەڵاواردنی ڕەگەزی و ستەمی نەتەوایەتی و هەموو زوڵم و ستەمێک بێنێت و سڵامەتی ئینسان و ژینگە بپارێزێت و ئازادی و بەرابەری زەمانەت بکات. دەسەڵاتی کرێکاری سرووشتی ئەنترناسیۆنالیستی هەیە و مزگێنیدەری ڕزگاریی ئینسانە لە چنگ هەموو ئەو نەهامەتییانەی نیزامی سەرمایەداری بەسەر جیهانیدا سەپاندووە.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

ڕێبەندانی١٤٠٢ – فێوریەی ٢٠٢٤

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

# بنبەستی سەدا و سیمای حکوومەتی ئیسلامی لە پەرەپێدانی کلتووری کۆنەپەرستی

لە بارودۆخێکدا کە بە ئیعترافی کۆمیسیۆنی تەلفیقی بوودجەی مەجلیسی ئیسلامی، بوودجەی ساڵی ١٤٠٣ی ڕژیم لەگەڵ کەسری زیاتر لە ٤٢٠ هەزار ملیارد تمەن بەرەوڕووە. لەبارودۆخێکدا کە سندووقەکانی خانەنشینی بەخاتری تاڵانکارییەکانی حکوومەتی ئیسلامی بەرەڕووی کەسری بوودجەی ٤٤٨ هەزار ملیارد تمەن بوونەتەوە. لە حاڵێکدا کە قەرزی دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ بە سازمانی تەئمینی ئیجتماعی کە مەربووتە بە ٤٣ ملیۆن کەسی بیمەپەرداز زیاتر لە ٧٠٠ملیارد تمەنە. لەحاڵێکدا کە بە ئیعترافی خاندووزی وتەبێژی ئابووری دەوڵەتی ڕەئیسی قەرزی دەوڵەت بە نیزامی بانکی ٦٥٥ هەزار ملیارد تمەنە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕۆژی حەوتی مانگی ڕێبەندان نوێنەرانی بەکرێگیراوی مەجلیسی کۆنەپەرست لەگەڵ بردنەسەری سێ بەرابەری بوودجەی سازمانی سەدا و سیمای ڕژیمی ئیسلامی موافقەتیان کرد و بۆ ساڵی ١٤٠٣ بڕی ٢٤ هەزار ملیارد تمەنیان دیاری کرد. ئەم زیادکردنە بەرچاوەی بوودجەی دەزگای تەبلیغ و پەرەپێدانی جەهل و خورافەی ئیسلامی لە حاڵێکدایە کە سێ مانگ پێشتریش مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە پەسەندکراوێکی دیکەدا زیادکردنی ساڵانە ٤٣ لەسەدی بوودجەی سەدا و سیمای هەتا کۆتایی بەرنامەی حەوتەمی تەوسەعەی پەسند کردبوو. ساڵی ڕابردوو بوودجەی ئەمساڵی سازمانی سەدا و سیما ٢٤ لەسەد نیسبەت بە ساڵی ١٤٠١ زیاد کرا. پەسندکردنی بوودجەی کەڵانی ٢٤ هەزار ملیارد تمەنی بۆ ئۆرگانێکی تەبلیغی ڕژیمی ئیسلامی لە بارودۆخی قەیران و ئیفلاسی ئابووریی حکوومەت، تەنانەت کاردانەوەی سەرۆکی سازمانی بەرنامە و بوودجەی ڕژیمیشی لێکەوتووەتەوە. ناوبراو وتی: «زیادکردنی ئەم بوودجانە بۆ ئۆرگانی سەدا و سیما و دەزگای قەزایی، ٣٧ هەزار ملیارد تمەنی باری ئیزافی ماڵی بەسەر دەوڵەتدا سەپاندووە و ئەمەش لەحاڵێکدایە کە بۆ باقی دەزگاکان لە ساڵی داهاتوودا تەنها ١٢ لەسەد زیادکردنی بوودجە پێشبینی کراوە.»

بۆ پاساوی بەخشینی بێ حیساب و کیتابی حکوومەتی ئیسلامی بە سازمانی سەدا و سیمای ئیسلامی، ڕۆژی دووشەممە ١٦ی ڕێبەندان، پەیمان جەبەلی سەرۆکی ئەم سازمانە کە نوێنەر و دەستنیشاندەی ڕاستەوخۆی عەلی خامنەییە، وتی: ”دەستمزدی عەواملی تەولید دەبێ لەڕووی تەوەرۆمەوە حیساب بکرێت نەک بەپێی زیادکردنی ٢٠لەسەدی حەقدەست. ئەگەر ئێمە بۆ سێناریۆکانمان دێکۆڕ دروست بکەین قیمەتی سیمان و ئاجور بەپێی چوونەسەری ٢٠ لەسەدی حەقدەست بۆ ئێمە حیساب ناکەن“. زیادکردنی دەست و دڵبازانەی ٢٠٠ لەسەدی بوودجەی دەزگای تەبلیغ و پڕوپاگەندەی ڕژیمی ئیسلامی لەلایەن مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بۆ ساڵی داهاتوو لەحاڵێکدایە کە شۆرای باڵای کاری حکوومەتی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامی حەقدەستی کرێکارانی دوای چەندین مانگ وتووێژ تەنها قەرارە ١٨ بۆ ٢٠ لەسەد زیاد بکات. ئەوە چۆنە کە کارگێڕانی دز و گەندەڵی ڕژیمی ئیسلامی لە کاتی کڕینی سیمان و ئاجوری خۆیان ڕێژەی تەوەرۆم دەکەنە پێوەری بردنەسەری بوودجە بەڵام لە بەرامبەر تەوەرومی سەرووی ٠٥ لەسەد و هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی ٢٣ ملیۆنیدا، زیادکردنی ١٨ و ٢٠ لەسەدی حەقدەست بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنن.

لەڕاستیدا بارودۆخی سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی و ناوچەیی ڕژیم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. ئاخێزی ژینا (ژن – ژیان – ئازادی) پایەکانی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی ڕژیمی سستتر و دەزگا تەبلیغاتییەکانی بێ ئیعتبارتر لە ڕابردوو کردووە. ڕژیم سەرەڕای تەرخانکردنی وەها بوودجە و ئیمکاناتێکی بەرین، ستراتێژیی تەبلیغاتی ئیسلامییەکەی بەرەوڕووی شکست بووەتەوە. لەم پێوەندەدا پەیمان جەبەلی سەرۆکی دەزگای پڕوپاگەندەی ئیسلامی دانی بەوە دانا کە سەدای و سیما ساڵ بە ساڵ لاوازتر بووە و ئیدیعای کرد کە: ”هەزینەی تەکلیفی دیاریکراو بۆ ئەم سازمانە لە ساڵی داهاتوودا یەکجار زیاتر لە بوودجەکەیەتی“. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە بەڵگەیەکی نهێنی هەک کراوی دیکە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی



ڕابردوو، هەر ئەم سەرۆکەی سازمانی سەدا و سیما وێڕای ئیعتراف بە گەندەڵی ناوخۆیی و زەعف و زەبوونی ڕژیم دەڵێ: ”سەردانی هەر بەشێکی ئەم سازمانە بکیت دەبینی بەتەواوی پرتووکاوە و نازانم دەبێ چ بکەین؟“. لە ئیعترافێکی دیکە بە شکستی تەبلیغاتی حکوومەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگا، ڕۆژی ٠٢ی مانگی بەفرانبار جێگری کلتووری و کۆمەڵایەتی سپای پاسداران وتی: ”خەڵکی ئێران هۆگری بەرنامەکانی سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی نین و ژێرخانەکانی مەجازی بەتەواوی لە ئیختیار دوژمن (واتە چالاکانی سیاسی) دایە.“ لەم پێوەندەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئاخوندەکان و باقی مەقاماتی ڕژیمیش گەلێک جار لەئاست کەمبوونەوەی بەرچاوی بینەر و بیسەری سەدا و سیما، لەئاست چۆڵ بوونی مزگەوتەکان، لەئاست کەم بایەخدانی خەڵک بە مەسائلی دینی و لەئاست بێ متمانەیی خەڵک بە میدیاکانی حکوومەتی ئیسلامی نیگەرانییان دەربڕیوە.

ڕێبەران و سەرانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران مانەوە و ئەمنیەتی خۆیان لە مەترسیدا دەبینن و نیگەرانی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیانن. هەربۆیە بە بردنەسەری بوودجەی ئۆرگانەکانی خزمەتکاری حکوومەت، لەوانە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەمنیەتی و نیزامی و قەزایی سەرکوتکەر لەلایەکەوە و دامودەزگاکانی فریو و کۆنەپەرستی و خورافە لەوانە سەدا و سیما و مەنبەر و مزگەوت و حەوزەی علمیە و ناوەندە ئایینییەکانی تر لەلایەکی دیکەوە، بەخەیاڵی خۆیان دەتوانن بەر بە پێشڕەوی و گەشەی مانگرتنە کرێکارییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بگرن. غافڵ لەوەی کە بە هیچ تاکتیکێک ناتوانن لە قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئایدیۆلۆژی کە لە ناوەوە بەرۆکی گرتوون، خۆیان دەرباز بکەن.

گەندەڵی و دزی بەرین کە لەناو حکوومەتی ئیسلامیدا ڕیشەی داکوتاوە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ژیان و گوزەرانی زیاتر لە ٧٠ لەسەدی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانی بردووەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە. ئەم گەندەڵی و تاڵانکارییە بەجۆرێک بەرچاو و ئاشکرا بووە کە ساڵەهایە جەماوەری بێبەشی لەم ڕاستییە گەیاندووە کە تەنها ڕێگای ڕزگاربوونیان ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی گشت ئەم دەسەڵاتەیە. تەمەنی ڕژیمی ئیسلامی کۆتایی هاتووە و بردنەسەری بوودجەی دەزگا دز و گەندەڵەکانی تەبلیغی خورافە و درۆ و سەرکوت ناتوانێ هیچ لەم ڕاستییە بگۆڕێت کە دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایە دەبێ بڕووخێت. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناڕەزایەتییەکانی شەش ساڵی ڕابردوو کە خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان بردووەتە قۆناغێکی نوێوە و بەردەوام لە پێشڕەوی دان، سەلمێنەری ئەم حەقیقەتەن

❊❊❊

# بنبڕکردنی گەندەڵی لەناو حکوومەتی ئیسلامی تەنها بە ڕووخاندنی دێتە دی

ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی مانگی ڕێبەندان ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ لە مەراسیمێک کە ڕژیم بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی سازی کردبوو، لە وتارێکی سەرتاسەر درۆ و پێچەوانەدا دەستی کرد بە پێهەڵکوتن و تاریفکردن لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەستکەوتەکانی لە بواری ئازادی، ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە دەنگی خەڵک، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم، پێشکەوتنی وڵات و خەبات بەدژی گەندەڵی ماڵی لەناو حکوومەتدا. ئەو بۆ نموونە وتی: «ڕێگە نادەین چکۆلەترین گەندەڵی لە سازمانی ئیداری وڵاتدا ڕەخنە بکات و بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە بەرەو پێشکەوتنی وڵات و چارەسەرکردنی کێشەکان و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی هەنگاو هەڵگرین.»

ئیبراهیم ڕەئیسی ئەندامی لێژنەی مەرگی حکوومەتی ئیسلامی لە دەیەی ٦٠، لەحاڵێکدا بێشەرمانە باس لە بوونی ئازادی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکات کە ئەم ڕژیمە دژەئینسانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە دەستی کرد بە سەرکوتکردنی ئازادی، هێرش بۆسەر ژنان، هێرش

بۆسەر زانکۆکان، لەشکرکێشی بۆسەر کوردستان و تورکەمەن سەحرا. ساواکی بووژاندەوە، بیساتی زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی هەزاران کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕی خستە ڕێ، بە دروشمی "شورا پورا مالید" هێرشی کردە سەر کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و بەپێی ویستی ئەمریکا و سرووشتی دژە شۆڕشگێڕانەی خۆی، حکوومەتی ئیسلامی بەئامانجی سەرکوتی خوێناوی شۆڕشی جەماوەر دامەزراند. ڕەئیسی جەلاد لە وتارەکەیدا بۆ کۆماری ئیسلامی کارنامەیەکی درۆ و ساختە لە ئازادی و مافی مرۆڤ دروست دەکات. بەڵام باس لە شەپۆلی کوشتار و ئێعدامی زیندانیان و باس لەو هەژاری و فەلاکەتە ناکا کە حکوومەتی ئیسلامی زیاتر لە چل ساڵە بەسەر ژیانی ملیۆنها کەس لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشیدا سەپاندووە. ئەو لە حاڵێکدا باس لە ڕێزگرتن لە مافی خەڵک لە ئێران دەکات کە لەماوەی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا بە جێبەجێکردنی یاسای خورافی و ئایینی و کۆنەپەرستانە تەنانەت ئازادی پۆشینی جلوبەرگیشیان لە نیوەی تاکەکانی کۆمەڵگا واتە ژنان زەوت کردووە و مافی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ژنان بەڕەسمی ناناسن. لە حاڵێکدا باس لە پێشکەوتن دەکات کە ملیۆنها منداڵ لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەدا لە خوێندن بێبەری بوون و لە شەقام و کارگە و ژێرزەمینەکاندا بوونەتە منداڵانی ڕەنج و کار. دەیان هەزار منداڵ و گەورە ڕۆژانە بۆ تێرکردنی سکی برسییان لەناو سەتڵەکانی زبڵدا بەدوای خۆراکدا دەگەڕێن. گرانی و تەوەرومی بەردەوام، ژیان و گوزەرانی دەیان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێش، مامۆستا و خانەنشین و توێژە هەژارەکانی دیکەی بە فەلاکەت کێشاوە.

یەکێک لە شابەیتەکانی وتارەکەی ڕەئیسی لە ڕۆژی یەکشەممە ئیدیعای بێناوەرۆکی متمانەی خەڵک بە دەوڵەت لە بەرەنگاربوونەوە بەدژی گەندەڵی بوو. ئەو وتی: خەڵک متمانەیان بە دەوڵەت و کارگێڕانی دەوڵەت لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرەنگاری هەموو جۆرە گەندەڵییەک بوونەتەوە. ڕێگە نادەین چکۆلەترین گەندەڵی ڕەخنە بکاتە ناو سازمانی ئیداری وڵاتەوە". ڕەئیسی لە حاڵێکدا خۆی لە نەزانی دەدات و باس لە متمانەی خەڵک بە ڕژیمی ئیسلامی دەکات کە گەندەڵی و دزیی گەورە لە هەموو ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لەناو سپای پاسداران کە زیاتر لە ٧٠لەسەدی ئابووری ئێرانی بە زەبری زۆر و سەرکوت زەوت کردووە و لە سازماندانی مافیای قاچاغی چەک و ماددەی هۆشبەر و قاچاغی ئینسان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ، بووەتە بابەتێکی ئاسایی و جێکەوتوو.

بەشێک لە پەروەندەی دزی و ئیختلاس و ڕانتخۆری هەزاران ملیارد تمەنی فەرماندەکانی سپا و بەرپرسان و کارگێڕانی حکوومەتی ئیسلامی لەڕێگەی تۆڕەکانی مافیای دەسەڵات، لە جەریانی ڕەقابەت و ناکۆکی باڵەکاندا بەبەڵگە ئاشکرا دەکرێن. ڕۆژی شەممە ٢١ی مانگی ڕێبەندان، یەک ڕۆژ بەرلە قسەکانی ڕەئیسی، "ئیلنا" هەواڵنێریی کاری کۆماری ئیسلامی باسی لەو گەندەڵییە کرد کە لەناو شۆرای نیگەهبانی قانوونی ئەساسی ڕژیمدا ئەنجام دراوە. هیدایەتوڵڵا خادمی نوێنەری پێشووی مەجلیسی کۆنەپەرست و شەریکی قافڵە، کە بەڕێوەبەری گشتی شیرکەتی حەفاری شوماڵ و سەرۆکی هەیئەتی مودیرەی شیرکەتەکانی حەفاری نەوت و گازی ئێران بووە ئاشکرای کرد کە دەڵاڵانی شۆرای نیگەهبان بۆ تەئیدی سەلاحیەتی ئەو بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، داوای بڕی ١٢٠ هەزار دۆلاری ئەمریکایان لێکردووە. لە نموونەیەکی دیکەی گەندەڵی و دزیدا، "خەبەر ئانلاین" ئاژانسی هەواڵی شیکاری ئێران، لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانداندا نووسیی: «عەلی ڕەزا بەیگی نوێنەرێکی ڕەدی سەلاحیەتکراو ڕایگەیاندووە کە شۆرای نیگەهبان بەهۆی ئاشکراکردنی گەندەڵی و دزی سێ ملیارد و ٣٧٠ ملیۆن دۆلاری چای "دێبش" لەلایەن بەرپرسانی ناوەندە حکوومەتییەکان و بەهۆی لەقاودانی گەندەڵی واگوزارکردنی ماشێنە شانسی بڵیندەکان بە نوێنەران لە مانگی سەرماوەزی ڕابردوو، منی



ڕەدی سەلاحیەت کردووە». لە پەیوەند لەگەڵ گەندەڵی و دزی حاکمانی ڕژیمی ئیسلامی، چەند ساڵ لەمەوبەریش لە ڕەقابەت و ناکۆکییەکان لەبواری ئیختلاس و دزی لە نێوان دەوڵەتی ڕووحانی و دەزگای قەزایی ڕژیم، پەروەندەی دزی هەزار و ٧٠٠ ملیارد تمەنی سادق لاریجانی سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای قەزایی و ئەندامی ئێستای مەجمەعەی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام، لەڕێگەی داگیرکردنی وەسیقەی زیندانیان لە ٦٧ حیسابی بانکی شەخسی ئاشکرا بوو. ئەم ماجەرایە لە بەرابەر ئەوەدا ئەنجام درا کە دەزگای قەزایی پەروەندەی دزی ٢ هەزار و ٦٠٠ ملیارد تمەنیی برای حەسەنی ڕووحانی پەیگیری کردبوو.

ئاستی گەندەڵی بەرین و سیستماتیک لەناو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕژیمێک کە مۆدێلی سەرمایەداری نیۆلیبڕالی پەیڕەو دەکات لەلایەن ناوەندە ماڵییە نێونەتەوەییەکان لەوانە بانکی جیهانی، سندووقی نێونەتەوەیی پارە، ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشە و دامەزراوە ماڵییەکانی سەرمایە، بەپێی پێوەرەکانی گەندەڵی و شەفافیەتی خۆیان بەرئاورد کراوە. بەپێی دوایین بەرئاوردی ئەم ناوەندانە، کۆماری ئیسلامی لەناو ١٨٠ وڵاتی جیهان لە بواری گەندەڵی داراییەوە پلەی ١٥٠ی هەیە و بەپێچەوانەی درۆی بێشەرمانەی ڕەئیسی، ڕایانگەیاندووە کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گەندەڵترین نیزامەکانی سەرمایەداری لەئاستی جیهانە. ئاشکرایە کە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گەندەڵی لەناو کۆماری ئیسلامی لە هەمان کاتدا بەستێنێک بۆ کێشمەکێشی نێوان باڵەکانی دەسەڵات و سڕینەوەی یەکتر بووە. لەم ڕووەوە بنبڕکردنی گەندەڵی کە لە هەموو ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕیشەی داکوتاوە، تەنها بە ڕووخاندنی گشت دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە فریوکار و جەنایەتکارە دێتە دێ.

***

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان:

## خەڵک دەنگی خۆیان داوە! ڕووخاندن، نەک بەشداری لە "هەڵبژاردن"!

هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خبرگان و مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بەردەوام لەسەر دابەشکردنی سەروەت و سامان لە نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا بووە. لە "هەڵبژاردنەکانی" کۆماری ئیسلامیدا کە تەنانەت ئەرزشی تەحریم و بایکۆتکردنیشی نییە، سەرەتا ژمارەیەکی سنووردار کەس و جەناح کە تاڵانکەرانی سەروەتن لەڕێگەی هەیئەتەکانی چاوەدێری و ئیجرایی و دواتر لەلایەن شۆرای نیگەهبانەوە دیاری دەکرێن. پاشان ژمارەیەک لەوان لەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە هەڵدەبژێرن. لەگەڵ نارەزایەتی ژمارەیەک لە دەرکراوانی سەر سفرەی تاڵانکاری و لەقاودانەکانیان سەبارەت بە سیستمی دەنگدان و دەنگسازی، بەرەبەرە خەڵکێکی زیاتر لە گوتاری هێزە شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستەکان گەیشتن کە لەڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە ناتوانن بە هیچ کام لە خواستە ئەساسییەکانیان بگەن.

ئاخێزی خەڵکی ئێران بەدژی گشت ڕژیم لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦ خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بایەخ نەدانی بەرینی خەڵک بە سندووقی دەنگدان و هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا. ئاخێزی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ و کوشتاری زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لەماوەی چەند ڕۆژدا، هاوکات مەرگی سندووقی دەنگدان بوو لای هەموو خۆشباوەڕان و ڕەوتەکانی نزیک بە ڕژیم.

لە دەنگدانی ٢ی ڕەشەممەی ساڵی ٩٨دا بێ ئیعتنایی و بایەخ نەدانی خەڵک بە سندووقەکانی دەنگدان لە ئاستێکدا بوو کە تەنانەت ماشێنی دەنگسازی چەند ملیۆنی ڕژیمیش نەیتوانی جوبرانی بکاتەوە تا لە تەبلیغاتی خۆیاندا بە دەنگدانێکی سەرکەوتوو ڕایگەیەنن. بەناو هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٤٠٢ یەکەمین بیساتی دەنگدانە لەدوای گەورەترین و بەرینترین حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک دژبە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٤٠١دا. حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٤٠١ بەدژی گشت ڕژیم، تەئکیدێکی دووبارە بوو لەسەر ئەوەیکە خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان دەبێ ڕژیمی ئیسلامی بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بڕووخێنن.

هیچ کام لە خواستەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەی ڕژیمی ئیسلامیدا

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان شکست بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیمی ئیسلامی دێنن!

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی وەک ڕۆژی بەڕێوەبردنی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی دەورەی دوازدەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و دەورەی شەشی مەجلیسی خبرگانی ڕەهبەری دیاری کردووە. بەپێی یاسای کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و زەوابتی دیاریکراو تەنها کەسانێک کە باوەڕ و ئیلتزامی کرداری خۆیان بە ئیسلام و ولایەتی فەقیه و قانوونی ئەساسی سەلماندووە و بێجگە لە ئەمەش لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعات و شۆرای نیگەهبانەوە تەئید کراون، دەتوانن بۆ ئەم دوو ناوەندە جەهل و خورافە و گەندەڵی و دزی خۆ کاندید بکەن. لەم دەورەیەدا نەتەنها سەلاحیەتی ئیسلاح تەڵەبەکان بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی دەورەی ئێستا و کەسانی نزیک بە ئاڵقەی ڕەهبەری بەهۆکاری لەقاودانی دزی و گەندەڵی باڵەکانی دەسەڵات، ڕەدی سەلاحیەت کراون. حکوومەتی گەندەڵ و تاوانکاری ئیسلامی بە ڕەدیف کردنی ناوی ژمارەیەک لە دزان و جەنایەتکاران و قاتڵانی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ، داوا لە خەڵک دەکات کە بێنە پای سندووقەکانی دەنگدان. تا بۆ جارێکی تر ئەم تاقمە ڕەوانەی ئەم دوو ناوەندە بکات و بۆ دەورەیەکی تر بە پەسندکردنی یاسای دژەئینسانی و بە داسەپاندنی ژیانێکی فەلاکەتبارتر و بە تاڵانکردنی سەرمایە گشتییەکان، درێژە بە ژیانی مفتەخۆرانەیان بدەن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە باروودۆخێکدا کە لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی و نەبوونی مەشرووعیەت بەرەوڕووە و ژیانێکی فەلاکەتباری بەسەر کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگادا سەپاندووە و دەستە دەستە لاوان لەسێدارە دەدات، ژنانی خەباتکار و ئازادیخواز بەبیانووی ڕەعایەت نەکردنی حیجابی ئیسلامی زیندانی دەکات، لەباروودۆخێکدا کە گەندەڵی، دزی و ئیختلاسی باندەکانی دەسەڵات بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، نەزانانە چاوەڕوانی ئەوەیە کە خەڵک بێنە پای سندووقەکانی دەنگدان و تەنووری ئەم شانۆ ڕیسوایەی ڕژیم گەرم بکەن. کرێکاران، خانەنشینان، ژنانی تێکۆشەر، مامۆستایان و باقی توێژ و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژانەی خۆیاندا بە دەنگی ڕەسا بە ڕژیمی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامیان ڕاگەیاندووە کە لە گشت ئەم نیزامە گوزەریان کردووە و بەختەوەری و خۆشبەختی خۆیان لە ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە دژەئینسانییە و لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەدوور لە ستەم و چەوسانەوە و هەڵاواردن و نابەرابەریدا دەبینن.

خامنەیی سەردەستەی دزان و تاڵانکاران لە حاڵێکدا داوا لە خەڵکی ئێران دەکات کە بێنە پای سندووقەکانی دەنگدان کە کەمپەینی شانۆی هەڵبژاردنەکانی شۆرای ئیسلامی و مەجلیسی خبرگانی ڕەهبەری بووەتە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان باڵەکانی حکوومەت لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و لەسەر بەشخوازی لە بەرهەمی چەوساندنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لەسەر تاڵانکردنی سەروەت و سامان و سەرچاوەکانی کۆمەڵگا. ئەگەرچی باڵی ئیعتدالگەرا و ڕیزی شێواوی ئیسلاح تەڵەبان لە بەشداری لە هەڵبژاردن ناکام و ڕەدی سەلاحیەت بوون و لە دانی لیست لە تاران بێبەری کراون، بەڵام بەهۆکاری ئەوەیکە مەوجودیەتی نیزامی ئیسلامییەکەیان لە مەترسیدا دەبینن، هەوڵ دەدەن شان بە شانی ئوسولگەراکان، ئیعتدالگەراکان و هەموو باندەکانی ڕژیم، خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان ڕەوانە بکەن.

ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦گشت نیزامی ئیسلامی کردە نیشانە و بە دروشمی ئیسلاح تەڵەب ئوسولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا نیشانی دا کە جەماوەری ملیۆنی ئێران هیوایان بە هیچ کام لە باڵەکانی ڕژیم نییە و ڕزگاری خۆیان نەک لە سندووقی دەنگدان بەڵکوو لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا دەبینن. ئاخێزی بەرینی مانگی بەفرانباری ساڵی٩٨ کە تێیدا زیاتر لە ١٥٠٠ کەس بەدەستی خوێنڕێژانی کۆماری ئیسلامی کوژران، نیشانی دا کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ڕەنجدیدە و تێکۆشەری ئێران لە گشت نیزامی ئیسلامی بە هەموو باڵەکانییەوە گوزەریان کردووە و گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی ڕژیم بەلایانەوە هیچ بایەخێکی نییە. ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەری ساڵی ١٤٠١ دوای کوژرانی ژینا بە دروشمی سەرەکی ژن ژیان ئازادی و بە دروشمەکانی مەرگ بۆ خامنەیی، مەرگ بۆ دیکتاتۆر، پێداویستییەکانی گەشەی خەبات و پێکهێنانی ڕێبەری و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی فەراهەم کرد.

خەڵکی شەریفی کوردستان، کرێکاران، ژنانی شۆڕشگێڕ، لاوانی تێکۆشەر، جەماوەری بێبەش

کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە وەڕێخستنی ئەم نمایشە گاڵتەجاڕییە ژمارەیەک بێنێتە پای سندووقەکانی دەنگدان و لەم ڕێگەوە مەشرووعیەت بە دەسەڵاتە تاوانکارەکەی بدات. خەڵکی کوردستان نەتەنها فریوی تەبلیغاتی ڕیاکارانەی ڕژیمیان نەخواردووە بەڵکوو لێبڕاوانە بەرەنگاری هەڕەشە و ملهوڕییەکانی ڕژیم بوونەتەوە. فیداکاری و گیانفیدایی ژنان و لاوانی شۆڕشگێڕ لە جەریانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ بە ڕوونی نیشانی دا کە خەڵکی کوردستان بڕیاریان داوە کۆتایی بە تەمەنی ئەم دەسەڵاتە نگریسە بێنن. پێویستە یەکگرتووانە شکست بەم نمایشە گاڵتەجاڕییە بێنین. دەنگدان بە دزان و جەنایەتکاران بەمانای درێژەدانی ئەو ژیانە فەلاکەتبارەیە کە ئەم خوێنڕێژانە بەسەریاندا سەپاندوون. بەمانای تەئیدکردنی قەتڵ و ئێعدامی لاوانە. دەنگدان بەمانای درێژەی ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی جنسیەتی بەدژی ئەو ژنانەیە کە لە دەستەبەر نابێت. تەنانەت گەیشتنی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ هێڵی هەژاری کە بە مانای پێنج بەرابەر بوونی حەقدەستەکانە، پێویستی بە کۆتایی هاتنی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە.




لە دەنگدان بۆ سەرۆک کۆمار لە ساڵی ١٤٠٠ کە یەکەمین دەنگدان بوو لە دوای بێ ئیعتنایی بەرینی خەڵک بە هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ٩٨، کۆماری ئیسلامی هەموو پەردەکانی لادا و سەرەتا ڕەئیسی وەک سەرۆک کۆمار دیاریکرد و پاشان کەمپەین و مونازەرەی ئینتخاباتی و بیساتی سندووقەکانی دەنگدانی خستە ڕێ تا ناوی ئەو وەک براوە ڕاگەیەنن. دەنگدان لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە دیاریکردنی ژمارەیەک لە کەسان و باڵەکانی ڕژیم بۆ تاڵانکاری و دزی و ئیختلاس، شتێکی تر نییە.

بێگومان خەڵکی ئێران بەرینتر لە ڕابردوو دەنگدانی ١١ی ڕەشەمەمە بایکۆت دەکەن. ئەوان ڕێگای مانگرتن و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و سەرەنجام ڕاپەڕین بۆ ڕووخاندنی گشت ئەم دەسەڵاتە و بۆ دەستەبەرکردنی خواستەکانیان گرتووەتە بەر و لەم ڕێگایەدا بەردەوام دەبن.

بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!

٢٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ – ١٢ی فێوریەی ٢٠٢٤

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

جەریانی ئاخێزی یەکساڵی ڕابردوودا گەلێک دیمەنی شکۆداریان لە خەبات و خۆڕاگری خوڵقاند.

یەکگرتووانە و بە عەزمێکی قایمەوە شکست بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم بێنن!

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

۱٤۰۲ /۱۱/ ۲۵

❊❊❊

پێشــــــــڕەو

ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۰۰٤٦۷٦۰۸٥٤۰۱٥
۰۰٤۷۹۹۸۹٥٦۷٤
۰۰٤۳٦٦۰۱۱۹٥۹۰۷

# شێعر

## درەخت

شیعرێکی دێرینم
بەبۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە
درەختێکم
لەتیرەی بەرزەدرختان
بە ئارەقی ڕەنج و خەبات پەروەردە بووم.
بنجم هەزارهەزار پۆیە و
لە نێو زاخە و کۆڵیت و زنجی شار و دێ
ڕۆچووم
ڕۆچووم.
لق و پۆم باڵای کردوە و
پەل لە ئەستێرە دەکوتم و
بێباک لە چی تەور و تەوراس بەرەو هەتاو
بەگڕ هەوری چڵکندا چووم!
★★★
تۆف و کرێوە و با، بابێ
باکی نیە، ئەو درەختەی
بنجی هەزار-پۆی لە دڵی
کۆمەڵانی ڕق-ئەستووری وریادا بێ!
تەوژمێکم لە بای سەر-سەر
مەینەت-ئاوای ستەم تێک-دەر
هەزار نەسیمی خۆش-پەیام
ئەشنێ لە هانای هەناسەم
بۆ گشت بەشەر.
گزنگێکم لە بەربەیان
تیشکهاوێژی چی دەلاقەی ماڵی تاریک
گەنم، گەرما، ڕووناکیي، تین،
دیاریمە دیاریمە بۆ ژین!

لەم جیهانا، من کێوێکم
هەر دۆڵێک، هەر داوێنێکم
خەرمان-خەرمان گوڵی سووری ئاڵای ئاڵە
بەرهەمێکی
ڕقی پیرۆزی کارخانەم
من سەمەرەی بێ-سەمەري
ڕەنجی گەرمی کوورەخانەم؛
هیوای دەستی بێ-حەق-دەستی
بێ-بەشی بێ-خانەولانەم
ڕاست-کەرەوەی جیهانی کۆنی ئاوەژووم
میعمارێکی نوێ-کردنەوەی ئەم جیهانەم!
من مشتێکم لە هەزار مشت
گرێ-کراو
ڕاساوم لە
ژێر-چەناکەی دێوی دزێوی سەرمایە!
ئەمن دەستێکی تامەزرۆم
تامەزرۆی یەکبوون، یارمەتي
دەستانی کار
بۆ تێکدانی ئەم ستەم-مەینەت-ئاوایە
بۆ خولقانی ئەو دنیایە
ستەم تێیدا ئەفسانەیە و
شەتی خرۆشانی شادي و بە هر ە مە ند ی
دەریاییکە دوايي نایە!
★★★
زستانی 6891

❊❊❊